

نەورۆز و توندڕەوی سەلەفییەت

چەند وتارێکە لەبارەی نەورۆز بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشە نارەواکانی سەلەفیزم نوسراوە بۆ سەر ئەو جەژنە نەتەوەیی یە گرنگە

نوسینی :

محەمەد هەریری

چاپی دووەم

2016

نەورۆز

و

توندڕەوی سەلەفیەت

چەند وتارێکە لەبارەی نەورۆز بۆ بەرپەچدانەوەی هێرشە ناڕەواکانی سەلەفیزم نوسراوە بۆ سەر ئەو جەژنە نەتەوەییە گرنگە

نووسینی: محەمەد هەریری

بابەت: مێژوو

بەرگ: سارەوان قەڵپی

چاپ: چاپی دووەمی ئیلکترۆنی ٢٠١٦

دەروازەیەکی پێویست

ڕق لێ بوونەوە لە هەموو بۆنە و کلتورێکی گەلانیتر!

شۆڤێنیەت هەردەم لۆژیکی پێ نەبووە کە بۆ ئەوەی خۆش دەوێت و ڕقی لەویترە. ئاساییە ڕقت لە ڕەفتاری ناشارستانی خەڵکانێك بێت، کە زیان بە دەوروبەریان دەگەیێنن، بەڵام رقت لە یەکێك بێت چونکە پێستی ڕەشە یان سپیە یان سورە یان زمانی لە تۆ جیایە، ئەوە شۆڤێنیەتێکی ڕووتە و هیچ پاساوی لۆژیکی نییە، بەڵام لەوەش شۆڤێنیتر کە هەموو سنورێکی عەقڵ و لۆژیك دەبەزێنیت ئەوەیە نەك تەنها ڕقت لە جەژن و داب و نەرێت و دین و زمانی خەڵکانێك بێتەوە، بەڵکو ڕقت لە پیسەسازی یان بەرهەمێکی بێ گیان بێتەوە، وەك پۆشاك و تیروکەوان و نەعلی پێ، تەنها لەبەرئەوەی هی عەرەب نییە و هی فارسە یان هیندیەکان یان کوردە! هۆیەکەی لەبەر دین جیاوازی نییە، ئەگینا دەبایە عەرەب پاش موسڵمان بونیان هەموو داب ونەریتێکی عەرەبی فڕێدەن، بە جل و پۆشاکیشەوە، بەڵام وانەبوو، زۆربەی هەرە زۆری داب ونەریتەکانیان پاراستن.، بەڵکو زۆر لەو داب و نەرێتە کرانە فەرزی ئیسلامیش!

بۆ نمونە ئیبن تەیمیە، چەندین ڕیوایەتی لە سەحابەیەکی وەک عومەر وعبداللەی کوڕی وسعدی کوڕی ئەبو وەقاس دەگێڕێتەوە، کە عەقڵ پێی هەرس ناکرێت، ئەو ڕەگەزپەرستیە لەوانە دەرچوبێت! بۆ نمونە: (عن عطاء بن يسار - هكذا رأيته، ولعله ابن دينار - قال: قال عمر: إياكم ورطانة الأعاجم، وأن تدخلوا على المشركين يوم عيدهم في كنائسهم.) [نەکەن بە عەجەمی بدوێن، یان بچنە لای موشریکەکان لە پەرستگاکان وکلێسەکانیان]

لە ڕیوایەتێکە تری عبداللەی کوڕی عومەر باسی نەورۆز دەکات ودەڵێت ئەوەی لە وڵاتی عەجەمان بوو وەک ئەوان ئاهەنگی نەورۆزی کرد وخۆی پێیان چواند تا مردن لەگەڵ ئەوان حەشر دەکرێت: (وبالإسناد عن الثوري ، عن عوف عن الوليد - أو أبي الوليد - عن عبد الله بن عمر

قال: من بنى ببلاد الأعاجم فصنع نيروزهم ومهرجانهم وتشبه بهم حتى يموت وهو كذلك ـ حشر معهم يوم القيامة).

بێگومان لەبەر بێ زانیاری، و نزیکی سەردەمی خەڵکی فارس بە ئیسلام بونیان، دەکرێت کوڕی عومەر ترسا بێت کە نەورۆز ڕەهەندێکی ئایینی هەبێت، کە لە ڕاستیدا نەورۆز هیچ بنەمایەکی ئاینی نییە، بەڵام دەکرێت عبداللهى کوڕی عومەر هەر هێندەی زانیبێت دەربارەی نەورۆز. بۆیە لەبەر نەبوونی زانیاری ئەو کاتە خەڵکی بەچاوی پڕ گومان وترسەوە دەیانڕوانیە یەکتر، وەك دەڵێن مرۆڤ دوژمنی ئەو شتەیە کە پێی نازانێ! سەیر لەوەدایە سەلەفیەکانی سەدەی ٢١ لە عەرەب وکورد، لەو ڕۆژگارە هەمان قسەکانی عبد الله کوڕی عومەر دوبارە دەکەنەوە! بێ ئەوە هیچ بیانوێکیان هەبێت، تەنها دواکەوتنی نا عەقلانیانەیە بە شوێن سەلەفی ساڵح لە ورد ودرشت وچاك وخراپ وڕاست وچەوتیاندا !.

٢

هەر لەو کتێبەی ابن تیمیەدا دەڵێت سعدى کوڕی ئەبو وەقاس گوێی لە کەسانێک بوە بە فارسی قسەیان کردوە، پێیانی وتوە: ئەو مەجوسیەتە لە پای چی لە پاش دینی حەنیفیەت (واتە ئیسلام) (حدثنا إسماعيل بن علية ، عن داود بن أبي هند أن محمد بن سعد بن أبي وقاص سمع قوماً يتكلمون بالفارسية فقال: ما بال المجوسية بعد الحنيفية.) کەوابوو تەنها قسەکردن بە فارسی هاوتای مومارەسەکردنی دینی مەجوسیەت بوە لە عەقڵیەتی سەعددا، کێ ناڵێت هەر باس باسی ئیسلام بوە بەڵام بۆ عەرەبی نەزانێکی فارس بە زمانی خۆی بۆی ڕونکراوەتەوە!!

چەندین ڕیوایەتی تر لە تابعیەکاندا دەگێڕێتەوە کە هەمووی ئەو پەڕی ڕەگەزپەرستی پێوە دیارە، بۆ نموونە موجاهید رقی لەناو نانی مانگەکان بۆتەوە بە فارسی، نەک هێندە، بەڵکو رقی لەوەش بوە کە هەتا ناویشی فارسی بێت ناوی بهێنێت!!

(وروى فيه عن مجاهد حديثاً أنه كره أن يقال: آذرماه، وذي ماه قلت: فإن كان اسم رجل أسميه به؟ فكرهه ابن موبارەک) ڕقی لەو وشەی (یەزدان) یش بوە کە بە خوا دەگوترێت بە فارسی، لە ترسی ئەوەی ئیزافە کرابێت

بۆ شتێکی پەرستراو! دەکرا پرسیاری کردبا لە ماناکەی، بەر لەوەی ڕقی لە ناوی خوا بێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی بە فارسی هاتوە) :قال: وكان ابن المبارك يكره ايزدان يحلف به، وقال: لا آمن أن يكون أضيف إلى شيء يعبد (ئەو هەڵوێستانە هەمووی لە ئیمان بە عروبەتچی و ئەفزەڵیەتی عەرەب هاتووە، هەندێکیانیش لەترس ولە نەبوونی زانیاریەوە هاتوە، یەکیان نازانێ نەورۆز چیە، ئەویتریان نازانێت یەزدان مانای چیە ترسی هەیە ئیزافە کرابێت بۆ شتێکی پەرستراو!

هەتا تیروکەوان و پۆشاك و نەعلەکانی پێشیان مەکروهە!

هەر لە پاش ئەو ڕیوایەتەی کە پێشتر باسمان کرد، ئیبن تەیمیە ڕای خۆی لەو بارەیەوە دەڵێت کە توندتریشە لەو ڕایانە بەو نەهیکردنە لە وێکچوون بە غەیری موسڵمانان چەندین زانا کردویانەتە بەڵگە، محمد بن ابي حرب پرسیاری لە ئەحمەد [کوڕی حەنبەل] کرد دەربارەی دەرچوون لەماڵەوە بە نەعلی سندی. پێی مەکروە وخراپ بوو بۆ ژن وپیاو، و گووتی: ئەگەر بۆ ئاودەست و دەستنوێژگرتن بێت، بەڵام ڕقم لە صرارە. گووتی: ئەوەش پۆشاکێکی عەجەمە!

هەروەها هەمان پرسیار لە سعيد بن عامر کرا لە وەڵامدا گووتی: سونەتی پێغەمبەرمان خۆشەویسترە لە سونەتی باکهون، کە پاشایەکی هیندی بوو! "وبهذا احتج غير واحد من العلماء على كراهة أشياء من زي غير المسلمين قال محمد بن أبي حرب سئل أحمد عن نعل سندي يخرج فيه. فكرهه للرجل والمرأة وقال: إن كان للكنيف والوضوء وأكره الصرار. وقال: هو من زي العجم .

وقد سئل سعيد بن عامرعنه فقال: سنة نبينا أحب إلينا من سنة باكهن. " ص ٢٢٢

-٣-
سەلەفیەت دەڵێت: پێویستە ڕێگا لە پیسبوونی ڕەگەزی عەرەب بگیرێت!

یەعنی هیتلەریش هەر ئەوەندەی گوتوە کە ڕەگەزی ئاریایی گێرمانی بپارێزرێت لە تێکەڵ بوون بە ڕەگەزە نزمەکانیتر! دەڵێن حەسەن بەنا کەوتۆتە ژێر کاریگەری بزوتنەوەی فاشستەکانی ئیتاڵیا و زۆر سەرسام بووە بە مۆسۆلینی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تیۆرە عروبەتە فاشستیانەی کە بە درێژی لە لێکۆڵینەوەیەک باسمان کردوە بە ناوی [ئیبن تەیمیەت و سەلەفیەتی عروبیەت] دەیسەلمێنیت، کە فکری ئیسلامی سەلەفی کۆن و ئیسلامی سیاسی نوێش، زۆر پێش فاشستەکانیش کەوتۆتەوە لە داهێنانی هەندێك لە بنەماکانی فاشستیەت..

بۆ نمونە وەرە بزانە فاسستیەت دەگات بەو ڕادەیەی، شکل و فیساڵی عەرەبت هێندە پێ موقەدەس و جوان بێت، نابێت تێکەڵ بێت بە زەواج لەگەڵ شکلی فارسێك و کوردێك و ئەرمەنیەك و یان ڕۆمیەك! پیاو ناشیرینە مرۆڤ بچێتە سەر ئەو پێوەرەانەی جوانی و بەدفیساڵی، بەڵام تا عەرەبێکی جوان و شۆخ وشەنگ دەدۆزیتەوە سەدی بەدفیساڵ دەبینیت، هێشتا ئەوان خەمی پاراستنی ئەو بەدفیساڵانەی خۆیانە، وێنەکانی عەرەبی جەزیرە بەر لە چل پەنجا ساڵێك دەیسەلمێنێت خاوەنی چ ڕوخسارێکی جوان بوون! ئیبن تەیمیە لە تیۆری داڕشتنی باڵادەستی عروبی بەردەوام دەبێت ودەڵێت:

"ئەگەرچی ئیسلام دەمارگرژی هۆزگەلی بێزێنراوی لەناوبرد، بەڵام پاراستنی زنجیرەی نەسەب پێویستە، و پاراستنی بێگەردی تۆرەمە و وەچەکانی بە هیچ جۆرێك بە مانای دەمارگرژی نایەتەوە. بۆیە پێویستە ڕێگای تەهجین وتێکەڵ بوونی ڕەگەزی بگیرێت لە یەکەم پێشڕەوی ئیسلام، کە ڕەگەزی عەرەبە. بۆ ئەوەی زنجیرەی وەچەکان بە پاك و سافی دوور لە تێکەڵ بوون بمێنێتەوە، و ڕوخساری عەرەب بپارێزرێت لە بەدفیساڵی علوج و عەجەمەکان، خودا ڕوخساری عەرەب بپارێزێت لەو بەڵا و زیانانە!"

]اذا كا الاسلام قد محا العصبية القبلية الممقوتة، فآن المحافظة على سلاسل النسب المطلوبة، والمحافظة على نقاء النطف و انسابها لا تعني العصبية بحال. وعليه، فينبغي سد منافذ التهجين لأول رائد للإسلام، العرق العربي؛ لتبقى سلاسل النسب صافية من الدخل، وملامح العرب سالمة من سحنة

العلوج والعجم ، صـــــــانها الله من تلكم الأذيـــــــا والبـــــــلايا]. ص ٩٣

یانی بەس نیە ئەو هەڤدژیە گەورەیەی ئیبن تەیمیە کە لەلایەك ستایشی ئیسلام دەکات بۆ نەهێشتنی دەمارگرژی نێوان هۆزەکان، دوایێ هەر خۆی دەمارگرژی بۆ عەرەب دەکات، وەك نازیەکان و شۆڤێنستەکان دەڵێت دەبێت ڕەگەزی باڵای عەرەبی و تۆرەمەی تێکەڵ نەبێت لەگەڵ علوج و عەجەمان، بەوەش ناوەستێت ئەوپەڕی رقی شۆڤێنستی نیشانی مرۆڤی غەیرە عەرەب دەدات کاتێ وەسفی ڕوخساری علوجانە و عەجەمانەیان دەکات بە بەڵاو و زیانبەخش! یانی ئیسلام ڕازی نییە بە دەمارگرژی نێوان هۆزە عەرەبیەکان، بەڵام ڕازییە بە دەمارگرژی عروبەت بەسەر گەلانی تر؟! بۆ بە ڕاشکاوی ناڵێن دینەکە تایبەتە بە عەرەب و دەبڕێتەوە؟!

سەلەفیەت کە زمان و داب و نەرێت و ناو و هەتا جل و بەرگ و پۆشاك و تیرکەوان و نەعلی لەبەرکردن ببوغزێنێت، چۆن ڕقی لە بۆنەیەکی جوان و مێژوویی وەك نەورۆز نابیتەوە، کە ئەمڕۆ دەیەها وڵات ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت؟!

ئەخر با بڵێین بۆنەی نەورۆز، یان زمان و داب و نەرێت خراپە بۆ کاریگەری لەسەر بیروباوەڕی ئیسلامی، کە واش نییە! باشە جل و بەرگ و تیرکەوان و نەعلێکی بێ ئەرزش دەبێت مەترسی چی بێت لەسەر عەقیدەی موقەدەسی ئیسلام؟! وەڵام تەنها ڕەگەز پەرستی و شۆڤێنیەتی عروبییە، هەر زوو تێکەڵ کراوە بە دین و عەقیدە بۆ ئەوەی ئەو میللەتانە نەك هەر ببنە موسڵمان، بەڵکو ببنە عەرەبیش! توانیشیان لەو بوارە سەرکەوتنێکی مێژوویی زۆر گەورە بە دەست بهێنن، کاتێ هەموو خەڵکی عێراق و سوریا و شام بە گشتی، و خوراسان و بەشێکی گەورەی ئێران، و میسر و سودان و سۆماڵ و لیبیا و تونس و مەغریب و جەزائیر و مۆریتانیا و چەندین وڵاتی تر، بکەنە عەرەبیش لەگەڵ ئیسلامەوە!

لەو ناوە کورد ئەگەر لە مێژوودا شانازیەکی هەبێت، ئەوەیە زۆر لە فارس و میللەتانی تری ئەو وڵاتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێدان

خۆڕاگرتر بوو بەرامبەر هەڵمەت تەعریب، سەرەڕای وەرگرتنی ئیسلام بە خۆشی و بەشێکیشی بە ترشی، بەڵام هەرگیز نەکەوتە ژێر کاریگەری عروبەت و زمانی خۆی نەگۆڕی. کەچی فارسەکانی خوراسان، بەو هەموو مێژووەوە، هەر زوو هەمووی بە عەرەبی قسەیان دەکرد، دوایی بە ئاگا هاتنەوە و گەڕانەوە سەر زمانی دایکی خۆیان!

سەرەڕای ئەوەی زانایانی کورد لە پاش ئیسلام بوون هەمووی بە عەرەبی خویندیان و نووسیان، بەڵام دیارە هێشتا، لەو سەلەفیە کوردانەی ئەو سەردەمە وریاتر و کوردتر بوون، نەبوونە هاریکار بۆ تەعریب کردنی نەتەوەکەیان. ئێستا لەو چەرخی بیست و یەکە، بۆ سەلەفیەتی کوردی بلوێ، زمان و داب و نەریت و بۆنە و نەورۆزی کوردی هەمووی دەگۆڕێت! لە ماوەیەکی کەمدا هەموو میللەت دەبنە عەرەب تا باشتر لە زمانی دین تێبگەن!

بەس تازە خەڵك هوشیارە هیچیتر بەو بانگەشە دینیە سەقەتانەی پڕ لە شۆڤێنیانە فریو ناخۆن. ئێستا خەریکە هەتا لە مەغریبی عەرەبی بزوتنەوەیەکی بەهێز دروست دەبێت لەناو ئەو گەلانەی بەزۆر کراون بە عەرەب، و هەوڵی زیندووکردنەوەی زمانی دایك و باوکی خۆیان دەدەنەوە، تاقە بەربەستێکیش تا ئێستا توانیبێتی لەبەرامبەر ئەو هەولانە بوەستێنتەوە، سەلەفیەتی دینی و فەرهەنگی بووە! یانی سەلەفیەت وەك دین و مەزهەب، ڕیش و دیشداشەی کورت و سیواك. هەروەها سەلەفیەت وەك عروبەت کە خەڵکێکی تەعریبکراوی زۆری ئەو وڵاتانە تەبەنای دەکەن، لە تەقدیس کردنی عروبەت وەك هەر موقەدەساتێکی تری ئیسلام، بێ ئەوەی ڕیش و دیشداشەی کورتیشیان لەبەردا بێت!

بە هیوای ئەوەم سوودێکم گەیاند بێت.

محەمەد هەریری

٢٠١٦/٦/٢٧

لەندەن

نەورۆز لە نێوان توندرەوی سەلەفیەت وزیادەڕەوی نەتەوەییەکان

محەمەد هەریری

وەقتێ وەکو شەهسەوارێ خاوەر تەعویل دەکرد دە ماهێ ئازەر یەعنی کو دەهاتە برجێ سەرساڵ قەت کەس نەدەما دە مەسکەن و ماڵ بیلجوملە دەچوونە دەر ژماڵان حەتتا دەگەهیشتە پیر و کاڵان رۆژا کو دەبوویە عیدێ نەورۆز تەعزیم ژ بۆمە دەما دڵ ئەفرۆز ئەحمەدی خانی

زانیمان سەلەفیە سینگ تەنگ وئاسۆ کورتەکان دژایەتی هەموو شتێکی چاک وخراپ دەکەن لە نێو ئەو شتانەش نەورۆز، ئەگەر حەدیسێکی لەسەر نە هاتبێت یان سەحابیەك لە بارەوەی نەدوا بێت، یان هەر نەبێت حەدیسێکی زەعیفی لەسەر هاتبێت، وەك مەعلومە حەدیسێکی زەعیفیش لە عەقڵی هەزار عاقڵ باشترە لای قوتابخانەی سەلەفیزم، ئەوە کارێکی چاوەڕوانکراوە، بەڵام ئەوەی چاوەڕوان نەکراوە ئەوەیە بە ناوی ئەکادیمیەت ولە ژێر پەردەی زانستی وبابەتخوازیدا بێیتوو هەمان وڕێنەکانی سەلەفیەکان دوبارە کەیتەوە، وتا سەر ئێسقان پشتگیری لە ئەفسانەکانی دوژمنانی مێژوویی کورد بکەیت وئەفسانەکانی شاهنامە کە پڕاوپڕە لە هەڵەی مێژوویی ولۆژیکی لێت ببێتە سەحیحەکەی بوخاری!!

وڵاتان شەڕی فەلافل و حومس دەکەن ماوەیەکە لوبنان و چەند وڵاتێکی تری عەرەبی لەلایەک و ئیسرائیل لەلاکەی تر شەڕی خاوەنێتی فەلافل و حومس و تەحینە و تەبولە دەکەن، کە چەند خواردەمەنیەکی ڕۆژهەڵاتی

بەناوبانگی ناوچەکەن، ئێستا ئیسرائیل دەیەوێت بەناوی ناندینی [مەتبەخی] ئیسرائیلیەوە بانگەشەیان بۆ بکات، و لە حالی حازردا ئیسرائیل لە عەرەب زیاتر سودی لە بەرهەم هێنانی ئەو خواردەمەنیانە کردوە وبەرهەکانی پڕی سوپەرمارکێتەکانی ئەوروپایە! هەرچندە هەموو کەس دەزانێت کە لە بنەڕەتدا بەرهەمی عەرەبین. ئەو شەڕە ڕۆژانە باس دەکرێت خەریکە وڵاتە عەرەبیەکان دەیبەنە نەتەوە یەکگرتوەکان وئیسرائیل تاوانبار دەکەن بە دزینی کلتوری ئەوان ودانە پاڵ خۆی. لە کاتێکدا ئەو وڵاتانە شەڕ لەسەر فەلافل و حومس وتەحینە وتەبولە دەکەن، کەسانێکی کورد ئامادەن کلتور و نەورۆزی کوردی شاباشی نەک تەنها فارسەکان بکەن بەڵکو دەیخەنە پاڵ فیرعەونیەکان وقیپتیەکان ویەهود وسەلیبیەکانی جیهان دەلێی زمانی خیتابی بن لادنی [قاعیدە] بەکار دەهێنن لە شەڕی نەورۆزدا.

سەیر لەوەدایە ئەو برادەرانە پاش ئەوەی نەورۆز وا بێبەری دەکەن لە کورد دێن وگلەییش دەکەن کە ئۆباما لە نەورۆزی پاردا تەنها پیرۆزبایی لە فارسەکان کردوە ولە کوردی نەکردوە هەرچەندە کورد لەسەردەمی حەسەن زیرەکەوە نەورۆز دەکەن! جارێ با ئەو مەلایانە خۆیان خاوەندارێتی لە نەورۆز بکەن وئەو هەموو بەڵگە بێ ناوەرۆکانە نەهێننەوە لەدژی نەورۆز،وئینجا گلەیی لە ئۆباما بکەن!

دوایی ڕاستیەکەی ئۆباما پیرۆزبایی ئاڕاستەی هەموو میللەتێك کرد کە یادی نەورۆز دەکەنەوە وبە تایبەتی گەلانی ئێران کە کوردیش دەگرێتەوە، دوەم هەربژی بۆ زانیاری یەکێك لەو مەلایانە کەوا بزانیت[کورد لەسەردەمی حەسەن زیرەکەوە نەورۆز دەکەن!] حەسەن زیرەک دوێنێ بوو، تۆ بۆ باسی حەزرەتی [خانی ١٦٥٠ – ١٧٠٧ ز] ناکەیت قەبری پڕی نور بێت کە لەسەدەی شازدەوە باسی جەژنی نەورۆزی کردوە کە دەفەرموێ [رۆژا کو دەبوویە عیدێ نەورۆز] وشەی عید واتە جەژنی بۆ بەکار دەهێنێت بەبێ سڵەمینەوە، کەچی مەلاکانی خەتی سعودی سەلەفیەتی دەق پەرست گەورەترین هەرایان ناوەتەوە گوایە نابێت بەو

ڕۆژە بڵێین: جەژنی نەورۆز!! بەپێی دەقەکانی سەلەفیەت بێت نابێت بە سەدام یش بڵێین دۆزەخی وەک چۆن گەورە ئیمامی سەلەفیەکانی میسر [ابو اسحاق الحوینی] دەڵێت: " سەدام بەهەشتیە، چونکە دوا وشەی لە ژیاندا لا اله الا الله بوو!] کەوابوو ئەو هەموو قەتل وعامە و هەڵەبجە وئەنفال وکوشتاری شیعە وشەرەکانی ئێران هەمووی بەڕیشی ئەبو اسحاق وقەرەزاویش کە بەداخەوە هەمان قسەی کردوە!

- جیاوازی نێوان جەژنی [نیرۆ]ی قیپتی و[نەورۆز]ی ئاریایی

بەڕاستی ئەو هەڵوێست و رەفتارە نا شارستانیانەی کەسانێکی کورد لە ژێر پەردەی دینداریەوە دەرهەق بە نەورۆز دەیکەن، بەر لە هەر شتێك گوزارش لە نەزانینیان بە نرخی مێژوو وکاریگەری داستانی مێژوو بەسەر کۆ یادەوەری میللەتەکەیان دەکات. مەلاکانی دژە نەورۆز دەڵێن نەورۆز جەژنێکی قیپتی میسریە کۆنەکانە ولە سەردەمی فیرعەونیەکانەوە ئاهەنگی بۆ گێڕدراوە بەر لە ٤٧٠٠ سال پێش زایین، بێئەوەی بە چاکی بیخوێنەوە کە جیاوازیەکی زۆر هەیە لە نێوان نەورۆزی کوردی وفارسی لەگەڵ [نیرۆس] قیپتی میسری کە عەرب بە هەڵە کردیانەتە [نیروز]، ئەو مامۆستایانە بە پاڵنەرێکی ئاینی ڕووت پەلەی ئەوەیانە بە زۆری نەورۆز شاباش بکەن وبیدەنە پاڵ [هەر غەیرە کوردێك] وادەزانن بەدبەختیەکانی کورد هەمووی لە ژوور سەری نەورۆزدایە، بۆیە دەبێت لێی ڕزگار بین نە وەک بیروباوەڕی تەوحیدی ئاینیمان خەوشی تێبکەوێت!!

کەنیسەی قیپتی میسری دەڵێن:" نیرۆز [نەک نەورۆز] جەژنی سەری ساڵی میسرییە ویەکەم رۆژی ساڵی کشتوکاڵیە و وشەی [نیرۆز] لە [نی-یارۆ] قیپتی هاتوە بە مانای ڕوبارەکان، چونکە ئەو کاتە لە ساڵدا کاتی تەواو بوونی وەرزی لافاوی روباری نیلە کە شادەماری ژیانی میسرە، کە یۆنانیەکان هاتنە میسر پیتی [س] یان خستە سەر ناوەکە بە عادەتی زمانەوانی خۆیان چۆن بۆ نمونە [ئەنتۆنی دەکەنە ئەنتۆنیۆس] بۆیە [نیرۆ] بووە [نیرۆس] و عەرەب وایانزانی نورۆزی فارسیە.."[1]

ـ شاهنامەی فیردەوسی لە نێوان ڕاستی و ئەفسانەدا

بە بۆچونی من وشەی [نەورۆز] بە هەموو شێوەکانی بەکار هاتنی زیاتر ئاماژەی بۆ وشەی جەژن کردوە و لەوانەیە لەسەرەتادا لە زۆر کۆنەوە بەر لە دەوڵەتی میدیا وفارسەکان جەژنێکی هاوبەشی گەل وتیرە ئاریا-ئێرانیەکان بوە وپاش دابەشبوونی ئاریایەکان بۆ چەندین گەل وهۆز هەرکەسەی بە شێوازی خۆی جەژنەکەی بەسەرکردۆتەوە وبە چەندین یادەوەری وڕوداو وئەفسانەیان بەستۆتەوە ، هەندێکیان بە سروشت نوێبونەوە وئەوانی تر بە شاکانیان و ئەوی تر بە ئەفسانەیەکی سەردەمی عەقلی سەرەتایی مرۆڤ، وهەیانیشە لە ئیلهامی ئەفسانەیەکی تر وەریگرتوە وهتد....

ئەو بابەتانە زۆر ئاسانە بیسەلمێنین و ڕەتیشیان کەینەوە، چونکە هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ مێژووی کۆنی ئەفسانەیی ونەنوسراوە وەك ئەوە نییە لەگەڵ مێژووی تۆمار کراودا. میللەتانی زیندوو زوو بە زوو لەو مێژوو وئەفسانانەیان کۆڵیوەتەوە وبە بەرژەوەندی میللەتانی خۆیانیان باداوەتەوە، میللەتی خەوتو لەناو هەنگوینی بێ هۆشیاریدا وەك کورد، ئامادەیە بەخۆی بە دەستی خۆی مێژووی خۆی بداتە پاڵ ئەم و ئەو بەبێ بەرامبەریش، کێ هەیە بە قەد کورد قسە بە ناودارانی بڵێت؟ چ ڕۆژنامەوانێك ولێکۆڵەرێکی بیانی ماوە لەلایدا کورد قسەی بە سەلاحەدینی ئەیوبی نەدا بێت؟! من دەیەها نمونەم بەرچاو کەوتوە. سەرکردە لە نەزەری کورد دەبێت سوپەرمان بێت، هیچ غەلەتی نەبێت، وهیچ کەموکورتیەکی نەبێت ووەک پێغەمبەرێك مەعسوم بێت تا ڕیزی لێبگیرێت، ئەوەش بێگومان مەحاڵە.

دەکرێت بڵێین مەسەلەی کاوە وزوحاك وکردنەوەی ئاگری ئازادی هەمووی لە بنەڕەتدا داستانێکی یان ئەفسانەیەکی کوردی نە نوسراو بێت وکورد لە بەدبەختی خۆی تۆماری نەکردبێت لەلایەن زانایانی لەوانەیە لەبەر هۆی ئایینیەوە یان لە نەزانییەوە، فارسەکان هەرزوو دەستی خۆیان

وەشاند وزۆربەی ئەفسانە وداستانی ئارییایە کۆنەکانیان بۆخۆیان تۆمار کرد وبە هەوەستی خۆشیان دەسکاریان کردوە، بە بەڵگەی ئەوەی [جێمز مۆری] رۆژهەڵاتناس لەسالی ١٨١٢ زایینی لە سیاحەتنامەکەی باس لە یادکردنەوەی کوردان دەکات بەجەژنی رزگاری گەل لە ستەمی زوحاك.
هەروەها نوسەری کتێبی هاونەتەوەیی کورد وماد، حەبیبوڵڵای تابانی دەڵێت: عومەر خەیامی نیشابوریش لە کتێبی نەورۆزنامەی خۆیدا دەڵێت؛ " فەرەیدوونی کورد فەرمانی بە ئێرانیان دا تا ئەو ڕۆژەی زوحاک بەدیل گیرا، ئێران لەشەڕ وکێشەی ئەو ڕزگار بوو بکەن بەڕۆژی جەژن." ل ٧١.
لەجیاتی مێژووناسەکان بەو بەڵگانە وەڵامی ئەو کەسانە بدەنەوە کە دەڵێن نەورۆز هی کورد نییە، کەسانێکی بەبیانوی دینداریەوە لەیەکەم تەقە تەسلیم دەبن بۆ هەر یەکێک هەر کلتورێکی کورد بەرێت، چونکە بەڕای ئەوان ناکۆکە لەگەڵ ئەندێشەکانی سەلەفی سالح! عەقڵیەتی سەلەفی سالح بۆ سەردەمی خۆیان سالح بوو، تۆ ناکرێت بەو عەقڵیەتە کار بکەیت کە نە دەقی قورئانە و نە حەدیسی پێغەمبەرە تا دنیاماوە. دەکرێت سودیان لێ وەرگرین بەڵام لاسایی کردنەوەی نوقتە وفاریزەی ئەوان کارێکی نەشیاوە.

ئەوە کاری مێژوو نوسانە بێن بەرگری لە مێژووی میلەتەکەیان بکەن، نەک مێژووناسان بێن بە عەقڵیەتێکی سەلەفی وشکەوە زۆربەی مێژووی کورد بشەیتانێنن.

سەیر لەوەدایە کورد لەبەر لاوازی گیانی نەتەوەیی و لەبەر ئەوەی بایەخی بە نوسین وتۆمارکردن نەداوە، هەتا یەکەم سەرچاوەی مێژویشی [شەرەفنامە] بە فارسی نوسراوە کاتێك کە شاعیرێکی میللی ئێرانی [فیردەوسی] داستانی شاهنامە دەنوسێت کە لە جەوێکی ئەفسانەیی دا نوسراوە ووەک هەر داستانێکی تری وەک ئەلیادە وگەلگامێش وهیتر، تێیدا بە کەیفی خۆی کەسەکان وڕوداوەکان ئاڵ وگۆڕ دەکات هەتا زوحاکیش بەعەرەب لەقەڵەم دەدات وبەشێوەیەکی ئەفسانەئامێزانەش

ئاماژە بە بوونی کورد دەکات، گوایە لەو منداڵە رزگاربوانە لە سەربڕینی زوحاک کورد دروست بوە

[کنون کرد از این تخمه دارد نژاد کز یباد ناید بدل برش یاد]

[جا کوردەکان لە تۆرەمەی ئەو لاوانەن کە نەیاندەزانی ئاوادانی چیە][2] دەیەوێت بڵێت کە کورد لە فارسەوە وەپاش کەوتوە پاش هەڵاتنیان بۆ کێوەکان! لە بنەڕەتدا فارسن ولەدەست زوڵمی پاشای عەرەب ڕایان کردوە، بە عەرەب کردنیشی دوژمنانی شا فارسەکان دەلالەتی خۆی هەیە ودەگەڕێتەوە بۆ ڕوخانی شانشینی شایەکانی شاهنامەی فیردەوسی لەسەر دەستی عەرەبە موسڵمانەکان.

شاهنامەی فیردەوسی جارێکی تریش ئاماژەی نێگەتیف بە عەرەب دەکات لە ل ٥٠ی چاپی عەرەبی دەڵێت : " دوایی عەرەبێک بەناوی دەربیس لە دژی کیکاوس هەڵگەڕایەوە لەدەوربەری شام، دوایی کیکاوس بەدەستی بەربەرەکان بە فێڵ دەگیرێت ومەملەکەت بێ شا دەمێنێتەوە ...دوایی ئەفراسیاب دەستی بەسەر دادەگرێت پاش شەرێک لەگەڵ [عەرەب]!" سەفەویەکان لە بۆشاییدا نەهاتن، بەڵکو وەک بیرمەندێکی گەورەی ئێرانی سادق زیبا کلام بەڕاشکاوی دەڵێت: " لەوە دەچێت کە ئێمە وەک ئێرانی نوشوستە مێژوییەکانمان لە قادسیە بەر لە ١٤٠٠ ساڵ لەبیرنەکردبێت"!!

شیعەگەرێتیش کە پیشەسازیەکی ئێرانیە بە پلە یەک لە نوسخە سەفەویەکەی ئەویش گوزارشێکە لە ڕقی فارسی نەژادی بەرامبەر ئەو [عەرەبە پێ پەتیانەی] کە ئیمپراتۆریەتی فارسیان ڕوخاند. ئەوە لە کاتێکدا ئەبولقاسمی فیردەوسی لە چاو زانا ئاییینیە شیعە توندرەوەکانی ئەمڕۆ موسڵمانێکی چاکیش بوە و زۆر بەڕیزەوەش باسی ئیسلام وکەسایەتییە سونیەکانیش دەکات وەک ئەبوبوکر وعومەر وعوسمان لە پێشەکیەکەیدا، هەرچەندە تاوانبارکراوە بەوەی شیعەیەکی رافیزییە، بەڵام بەڕای من ڕاستر وایە کە موعتەزیلی بوە وکە نوێنەری هێڵی عەقلانیەت دەکەن لە ئیسلامدا بە بەڵگەی ئەوەی لە سەرەتای شاهنامەدا ستایشی عەقڵ دەکات

ولە كۆتایش وەسفی عومەری كوری خەتاب دەكات، ئەگەریش شیعە بوبێت ئەوە شیعەی عەلی بەراییە نەك شیعەی سەفەوی بەپێی پۆلبەندی بیرمەندی گەورەی ئێرانی عەلی شەریعەتی.

ـ شاهنامە و نەورۆز

شاهنامە نەورۆز ناگێرێتەوە بۆ شەری كاوە وفەرەیدون لە دژی زوحاك، كە سەرلەبەری ئەفسانەیە، بەڵكو بەو جۆرە باسی دەكات: " ئینجا جەمشید هات سەر تەختی فەرمانڕەوایی لە پاش باوكی تەهمورت كە ئەویش وەك ئەو سەركەوتو بوو بەسەر دێو ودرەنجەكانیش وتوانی لەسەر قەرویڵە ڕازاوەكەی بفڕێت بەسەر هەموو مەملەكەتەكانی بە هۆی جنۆكەكانیەوە!! جنۆكەكان لەو رۆژە هەڵیان گرت كاتێ خۆر كەوتە قوڵـڵەی حەملەوە، وزۆر دلخۆش بوو ومەی دەبەخشرایەوە وئەو رۆژە ناونرا بە رۆژی نەورۆز كە بوە عورفێكی پیرۆز لای فارسەكان. "[3]

شاهنامە لە ڕووی ڕاستیەوە ناكرێت پشتی پێ ببەسترێت زۆر لە رەخنەگران پێیان وایە كە قۆناغی یەكەمی شاهنامە: سەردەمی ئەفسانەییە كەباسی گیومیرت وجەمشید وزوحاك وفەرەیدون وكاوە دەكات، كە ئەو قۆناغە هیچ نرخێكی مێژوویی نییە ورەنگی ئەفسانەیی زاڵە بەسەریدا. كەچی ئەو دژە نەورۆزانەی خۆمان هەمان هەڵەی ناسیونالیستە كوردەكان دوپات دەكەنەوە كاتێ چیرۆكی كاوە وزوحاكیان وەك هەقیقەت و ڕاستی بە خەڵك دەفرۆشت، وئەوانیش دێن داوەری خۆیان لەسەر ئەو هەڵەیە دەكەن و چیرۆكی كاوە وزوحاكیان هێندە بە جدی وەرگرتوە دەڵێی باسی كەسانێكی سەدەی بیست ویەكەم دەكەن، وكاوەی داماو دەكەنە خاین وخۆفرۆش، كە ئەمڕۆ هەزاران كورد ناوی كاوەیە! وزوحاك دەكەنە دوا پاشای میدیەكان [ئەشتیاگ] نازانم بە چ پێودانگێك كە تۆ نەتوانی هیچ مێژویەكی كۆن بە وردی دیاری بكەیت؟! پێم وایە مێژووی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ زۆر كۆنتر لە مێژووی ڕوخانی دەوڵەتی مادەكان یان

دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخمینیەکان، نەورۆز کۆنترین داستان یان ئەفسانەی ئارییاییە، ئەفسانە بەرهەمێکی گرنگی عەقڵی مرۆڤە بە گشتی. هەرچۆنێکی بێت چیرۆکی کاوە وزوحاک دەبێت لە چوارچێوەی داستانێك یان ئەفسانەیەکی نیشتیمانی بخوێندرێتەوە نەك وەك مێژوویەکی واقیعی، خوێندنەوەی بەو شێوەیە داستانێکی بەسوود دەبێت بۆ پتەوکردنی هەستی ئینتیما بوونی پوکاوەمان.

لەبیرمە پێش چەند ساڵێك فلمێکی کارتۆنی [ئەنیمەیشن] لەسەر چیرۆکی کاوە وزوحاکمان دیت لە فیستڤاڵی فیلمی کوردی لە لەندەن، لەگەڵ هەموو کەموکورتیشی لە ڕووی تێکست وتەکنیکەوەش، هەستم کرد هەستێکی پاك و نوێی کوردبوونی لەلای منالانی کورد و کوڕە حەوت ساڵانەکەم دروست کرد کەمن بە ساڵانێك نەمتوانی ئەو هەستەی لا دروست بکەم. بەڕاستی ئەو داستانە نەتەوەییانە هەرگیز بە هیچ تێکستێکی تر تەعویز ناکرێت، چۆن قورئان هەستی ئیمانداریت بە ئایین وڕۆژی دوایی پتەو دەکات، ئەو داستانە نەتەوەییانە وشیعری حاجی قادر وئەحمەدی خانی وپەشێو وبێکەس ودەنگی شڤان پەروەر وشتی تریش هەستی ئینتیمای نەتەوەییمان لا قوڵتر دەکات. هەر بۆیە هەست بە لاوازی هەستی ئینتیمای کورد بوون دەکەین لەلای ئیسلامیەکان بە گشتی ولەلای سەلەفیەکان بە تایبەتی، چونکە ناوهێنانی قەوم وقەومیەت بە هەر مەبەستێك بێت نیمچە کوفرێکە لای زۆریان یان ئینتیمای نەتەوەیی دوا خاڵی لیستی بایەخیانە.

فیردەوسی بە پاڵنەری خۆشەویستی میلەتی فارس دێت ئەو هەموو ئەفسانەیە دادەڕێژێتەوە وبە ویستی خۆی تۆماری دەکات وکاوە دەکاتە فارس ونەورۆز دەکاتە جەژنێکی فارسی بۆ تۆمارکردنی شاکارێك بۆ نەتەوەی فارس کە بەڕاستی شاکاریشە کە [نولدکە] ی ئەڵمانی دەڵێت: "داستانێکی بێ وێنەیە لای هیچ نەتەوەیەک وێنەی نییە"

ئیبن ئەسیر[ابن الاثیر] کە مێژوو نوس وزانای فەرمودەناسی پێغەمبەرە ستایشی شاهنامە دەکات بە ئەلفازێك لەوانەیە لەو سەردەمە با سەلەفیەکان

تەکفیریان کردبا، کەدەڵێت: " شاهنامە قورئانی عەجەمە ...چونکە سەرتاسەری لە لوتکەی ڕەوانبێژییە"[4]

- ڕۆژێک دێت میزاجی سەلەفیەت سەلاحەدین ئەیوبیش شاباش دەکات

دەبێت بۆ زانایەکی کورد ئەو کارەی فیردەوسی لە شاهنامە کردی پێنەکرابێت؟! لەو سەردەمە کارێکی وای بۆ کورد نەکردبێت؟! ئەگەر دەوڵەتی میدیا زۆر لە مێژ بوو نەمابوو لە یادەوەری کورد، بۆ ئەو هەموو زانایە کوردە داستانێکیان لەسەر سەلاحەدین ئەیوبی نەنوسی کە خۆی لە خۆیدا ببوە داستان لە تێڕوانینی شەرق وغەربەوە، هەتا شاعیری گەورەی ئیتاڵی دانتی دڵی نەهاتوە سەلاحەدین ئەیوبی بخاتە دۆزەخی [کۆمیدیای خوداوەنیەوە] وبەڕیزەوە لە شوێنێکی نێوان دۆزەخ وبەهەشت سەلاحەدینی داناوە، لەکاتێکدا هەموو ئیسلامی بە پێغەمبەرەوەش خستۆتە دۆزەخی کۆمێدیاکەی!! سەلاحەدین هەموو ئەوروپای سەردەمی جەهالەت وتاریکی کەنیسەی سەرسام کردبوو بە ڕەوشتی بەرز وجوامێری وسوارچاکی.

بەڕای من کورد لەچاو میلەتانی تر هێندە دەمارگیر وبەپەرۆش نییە بۆ وڵاتەکەی وبۆ سەرکردە مێژوویەکانیشی، تا ئەمڕۆش لەگەڵ بوونی ئەو هەموو مەترسیانە دەورمان زۆربەی هەرە زۆری سەرکردە ومیلەتیش تاڕادەیەکی زۆر ناوچەگەرێتی وعەشیرەتی وشارچیەتی بە پلە یەك دێت ودەردەکە پەریوەتەوە ناو ڕۆشنبیرانیش لە ئاستی بەرزەوە! کەوابوو چۆن چاوەڕێی زانایەکی کورد بکەین لەسەردەمی زێڕینی ئیسلام وەک فیردەوسی بێت وشتێکی وەک ئەو بکات. بۆ زانینیش شاهنامەی فیردەوسی تاقە شاهنامە نییە لە مێژووی فارسدا، بەڵکو زیاتر لە پێنج شاهنامەی تر بەر لەئەو بەرهەم هاتبوو. بەڵام دوور نیە ڕۆژێك ئەو فەرهەنگە تەسک بینە وحەرفیەی سەلەفیەت بەناوی کورد بێ خاوەنی لەسەلاحەدین ئەیوبی بکات وەک نەورۆز، چونکە سەلاحەدین ئەیوبی شافیعی وئەشعەری بوە! کە من ئەو قسەیەم لە سەلەفیەکانی عەرەب گوێ

لێبوە، یان سەلاحەدین سۆفی بوە وئەهلی تەسەوفی خۆش ویستوە، چۆن نەورۆزیش میلەتانی تری وەک فارس ئیدیعای خاوەنیەتی دەکەن، نوسەر ومێژوو نووسی عەرەبیش هەن وەک [ابن واسل] و [ابن الدواداری] وبەڵکو پاشایەکی ئەیوبی بە ناوی [الملك الايوبی الأمجد بن الحسن بن داود بن أيوب] لە کتێبی نوسراوی خۆیدا " الفوائد الجليه فی الفرائد الناصريه " نکولی لە کورد بوونی ئەیوبیەکان دەکات ودەڵێت کورد نەبوون بەڵکو تێکەڵاوی کوردیان کردوە وبەس! ئەو جۆرە نکولی کردنە بە پاساوی هەستی ئاینی لەسەردەمەکانی پێشوو وتا سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەمیش باو بوە.

جا دژە نەورۆزەکان بە قسەی فیردەوسی فارس پەرەست نەورۆز شاباش بکەن، ئەی دەبێ بە قسەی کەسێکی بنەماڵەی سەلاحەدین ئەیوبی چۆن پشت لەو قارەمانە وداستانەی کورد نەکەن؟!

لە کۆتاییدا بەو سەلەفی وئەکادیمیکە مێژووچیە دژە نەورۆزانە دەڵێین: نەورۆز لەوەتەی هەبوە هەر رۆژێکی خۆش بوە بە شاهێدی هەموو مێژوو وکەڵە شاعیرانی کۆن ونوێی کورد ، ولە یادکردنەوەشیدا کورد لاسایی کەسی نەکردۆتەوە، ئەوە خەڵکی ترە لاسایی کورد دەکەنەوە،

کورد ئەگەر تاقە دامەزرێنەری نەورۆز نەبێت، ئەوە بێگومان لە دامەزرێنەرانی یەکەمەتی.

داستانی کاوە وزوحاک ڕاست بێت یان ئەفسانە بێت، بەپێی نوسخە کوردیەکەی دەخوێندرێتەوە کە کورد پشتاوپشت بۆ یەکیان گوێزاوەتەوە، نەك بە پێی شاهنامەی فردەوسی لێوان لێو لە خورافات وشتی پوچ، کە لەلاتان وەك صحيحی البخاري لێهاتوە وداکۆکی لە سەرلەبەری دەکەن، ویادەوەری کوردی پێ دەتەقێننەوە وپاش هەزاران ساڵ تازە کاوەی ئاسنگەر وەک رەمزێکی مێژوویی ناپاکی وێنا دەکەن، مێژوو بواری زۆرە بۆ سەلماندنی بەڵگەکانی خۆمان بەڵام ئێوە لە بنچینەدا ناحەزن بە بۆنەکە، دەبا فیردەوسی قسەیەکی بە ئیسلام گوتبا ئەو کات سەرلەبەریتان

لە سفر دەدا! ئێوە بە ناحەزانە تێی دەڕوانن بۆیە ناتوانن بەرگری لێ بکەن. ئەگەر ترس وفۆبیای ئاینی پاڵنەرتانە لەو دژایەتی کردنەی نەورۆز، دەبێت بزانن نەورۆز جەژنێکی نەتەوەیی ونیشتیمانییە و هەتا دارو درەختیش لە دونیای ئەمڕۆدا جەژنی هەیە، وجەژنەکەش دوورە لە ڕەهەندی ئاینییەوە، مەگەر ئێوە بەو تەرکیز کردنەتان کاردانەوەی خراپ لەلای خەڵکی کورد دروست بکەن بۆ پێدانی ڕەهەندی ئاینی بە نەورۆز. ئێمەی کورد خاوەنی مێژووی کوردین لە پێش وپاش ئیسلامدا، ئەوە زانایانی ئیسلام لە عەرەبەکان بوون ئەو هەموو کلتور وئەدەب وشیعر وموعەلەقات وئەفسانە ومێژووی عەرەبیان لە فەوتان ڕزگار کرد، خۆزگە ئێوەش وەک حەزرەتی شەرەفخانی بەدلیسی وئەحمەدی خانی وحاجی قادر دەبوون، نەك لە مەلیك مەلیکتر بن و لە عەرەب ئیسلامتر ولە شاهنامە فارستر بن!

---

[1] - صفحات خاصة بمناسبه عيد النيروز (رأس السنه القبطية) لە کتێبی [عيد النيروز أقدم عيد لأقدم أمه: للأغنسطس نبيل فاروق - مراجعه وتقديم الأنبا متاؤس] وەرگیراوە.

http://st-takla.org

[2] - ل ٧١ هاونەتەوەیی کورد وماد، حەبیبوڵڵای تابانی، وەرگێرانی جەلیل گادانی.

[3] - ل ١٠. [الشاهنامه: ملحمه الفرس الكبرى، لابي القاسم الفردوسي، دار العلم للملايين- بيروت الطبعه الثانيه ١٩٧٩]

[4] - [مفاهيم الانسانيه في شاهنامه الفردوسي، د.محمد علوى مقدم، مجله العلوم الانسانيه عدد ١٠١.]

نەورۆز وهەڵوێستەکان لە کۆنەوە تا ئەمڕۆ

ڕەگی جەژنی نەورۆز لە مێژووی گەلانی رۆژهەڵات زۆر کۆنە، لە زۆربەی ژیار وشارستانیەکان رۆژی نەورۆز خۆی بەرهەم هێناوەتەوە، هەمووشی یان زۆربەشی ئاماژە بە گۆڕانی وەرز وکودەتای کەش وهەوا وسەوزبوونی زەوی ولەناوچوونی سەرما وسۆڵە دەکات. گەلانی ئەو ناوچانە تا ئەمڕۆش هێندە بەسەرما قەڵسن رۆژ دەژمێرن تا زستان تێدەپەڕی، کەچی گەلانی ناوچە ساردەکان ئەو زیهنەتییەیان نییە وسەرما بۆتە شتێکی ئاسایی ڕۆژانە لایان.

نەورۆز لای نوخبەیەکی نەتەوەیی کوردی هێندە پیرۆز دەکرێت بە زۆری دەیانەوێت خەڵک لەوە تێبگات ئەو رۆژە جەژنێکی ئایینی کۆنی کورد ونەتەوە ئارياييەکانە – هەرچەندە چەندین گەلی نا ئاريايى وەک تورک وهی تر ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن – دەیانەوێت دەلالەتی ئایینی زیاتر زاڵ کەن بەسەر رۆژەکە، یان زۆر بە حەماسەتەوە باسی ئەفسانەکانی کاوەی ئاسنگەر وزوحاک دەکەن وەک هەقیقەتێکی مێژوویی، کە ئەمڕۆ زەحمەتە قەناعەت بە مێرمنداڵێک بکەیت بۆ ڕاستی ئەو ئەفسانانە!

لە ڕووی ئايينيەوەش نەورۆز لە نێوان تەکفير وتەقدیسدا بوو، فارسەکان کە چوونە ناو ئیسلام ئەو رۆژەیان لە بیرنەکرد ولەگەڵ هەموو ئەو توراسە دەوڵەمەندەی کەهەیان بوو هێنایەنە ناو دنیای ئیسلام، هێندە بايەخیان پێدا تا ئەو ڕادەیەی لە سەردەمی خەلافەتی ڕاشیدینیەکانەوە ئاهەنگیان دەگێڕا بە بۆنەی نەورۆز هەت هەندێک ڕیوایەت هەیە دەڵێت کە دیارییان پێشکەشی حەزرەتی عەلی کردوە بەو بۆنەیەوە وەک ابن تیمیە لە کتێبی (**اقتضاء الصراط المستقيم**) ئەو ڕیوایەتە دەگێڕێتەوە

"عن هشام عن محمد بن سيرين قال: أتى علي رضي الله عنه بهدية النيروز، فقال: ما هذه ؟ قالوا يا أمير المؤمنين هذا يوم النيروز، قال فاصنعوا كل يوم نيروزاً، قال أبو أسامة : كره رضي الله عنه أن يقول نيروزاً.

قال البيهقي : وفي هذا: الكراهة لتخصيص يوم بذلك لم يجعله الشرع مخصوصاً به.)

وەک لە ڕیوایەتەکە دیارە حەزرەتی عەلی پرسییەتی بۆنەی ئەو دیارییە چییە؟ لەوەڵامدا پێیان وتوە: ئەی میری موسڵمانان ئەوە بە بۆنەی ڕۆژی نەورۆزە، ئەویش پێیانی وتوە: هەموو ڕۆژێک نەورۆز بکەن" تا ئێرە ڕیوایەتەکە تەواو بوو، کە دیارە چەندین تەفسیری پۆزەتیڤ وتا ڕادەیەک نێگەتیڤیش هەڵدەگرێت، هەرچەندە مرۆ زەنی بۆ تەفسیرە پۆزەتیڤەکە دەڕوات چونکە عەلی دیارییەکەی ڕەت نەکردۆتەوە، ئینجا شیعەکان وەک ستایشی نەورۆز ئەو حەدیسە بەکار دەهێنن، کەچی ڕاویەکە دەڵێت: حەزرەتی عەلی پێی ناخۆش بوو بڵێت نەورۆز.!! بەیهەقیش دەڵێت: ئەوەش کەراهیەتی تایبەت کردنی ڕۆژێک بۆ ئەو بۆنەیە نیشان دەدات کە شەرع تایبەتی نەکردوە!!

ئەو ڕایە توندتر دەبێت لای ئەو تەوژمە دینییە تا ڕادەی تەکفیرکردنی هەرکەسێک کە بەژداری بکات لە ڕۆژی نەورۆز وەک لە هەمان کتێبدا ابن تیمیە زیاتر لە پێنج جار ولە چەندین ئیسنادەوە هاتوە وبە دەمی دوو ێەحابەی وەک (عبد الله بن عمر و عبد الله بن عمرو بن العاص) هاتوە کە وتویانە : ئەوەی لە وڵاتی عەجەمان بوو وەک ئەوان ئاهەنگی نەورۆزی کرد وخۆی پێیان چواند تا مردن، لەگەڵ ئەوان حەشر دەکرێت: عن عبد الله بن عمر قال: **من بنى ببلاد الأعاجم فصنع نيروزهم ومهرجانهم وتشبه بهم حتى يموت وهو كذلك - حشر معهم يوم القيامة.)**

بەڵام لەوە دەچێت کە خەڵکی گشتی هێندە گوێی بەو تەحریمکردنەوە نەدابێت بۆیە زانایانی مێژووی ئیسلام دەگێڕنەوە کە هەر لەسەردەمی ئومەویەکانەوە ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕدرا تا لە سەردەمی عەباسیەکان بوە بۆنەیەکی ڕەسمی وعەرەب وعەجەم ئاهەنگی نەورۆزیان دەگێڕا!! زۆرجار جەماوەر هەڵوێستی ژیرانەتر وموتەسامیحتر لە نوخبە نیشان دەدات!!

لە بەرامبەر ئەو هەڵوێستە نێگەتیڤە لە نەورۆز، هەڵوێستێکی زیادەڕەو لە پۆزەتیڤی نیشان دەدرێت لای توراسی شیعەکان تا ڕادەی تەقدیسکردنی نەورۆز ودروستکردنی دەیەها ڕیوایەت کە سیمای هەڵبەستنیان بە ئاشکرا پێوە دیارە.

وەک لەو ڕیوایەتە لە ئیمام جەعفەری کوڕی ێادق دەگێڕنەوە: : **(أن يوم النيروز هو اليوم الذي أخذ الله فيه ميثاق العباد ، وأول يوم طلعت فيه الشمس ، وهو اليوم الذي أخذ فيه النبي صلى الله عليه وآله وسلم العهد لعلي عليه السلام ، وهو اليوم الذي يظهر فيه الإمام الغائب)** (کەوابوو نەورۆز ئەو رۆژە پیرۆزەیە کەخوا پەیمانی لە ئادەمیزاد وەرگرت، ویەکەم رۆژە کە خۆری لێدەرکەوت، وئەو رۆژەیە کە پێغەمبەر پەیمانی بۆ جێنشینی عەلی وەرگرت (!!)، ئەو رۆژەشە کە کە ئیمامی غائیب وەدەردەکەوێت!!) لە کتێبی **(وسائل‌الشيعة)** یەک بابی سەربەخۆی تێدایە بە ناوی **(باب استحباب غُسل يوم النيروز)** ڕیوایەتەکە دەڵێت: **عن الصادق عليه السلام في يوم النيروز قال: إذا كان يوم النيروز فاغتسل والبس أنظف ثيابك)**

هەروەها بابێکی تری تێدا هاتوە لە ژێر ناونیشانی **(باب استحباب صوم يوم النيروز والغُسل فيه ولبس أنظف الثياب والطيب) عن الصادق عليه**

السلام قال:إذا كان يوم النيروز فاغتسل والبس أنظف ثيابك وتطيب بأطيب طيبك وتكون ذلك اليوم صائماً)

هەر ئەو نەورۆزە ئەو رۆژەیە کە مەهدی مونتەزەری تێدا دەردەکەوێت، وخوا لەو رۆژە بەسەر دەجالی زاڵ دەکات ولە کوفە لە خاچی دەدات، وهەر نەورۆزێک ئێمە چاوەڕوانی فەرەج ورزگار بووندایین، چونکە ئەوە ئەو رۆژە پیرۆزەی ئێمەیە کە فارسەکان پاراستیان وئێوە (عەرەب) فەوتاندتان) **عن أبي عبد الله عليه السلام قال :يوم النيروز هو اليوم الذي يظهر فيه قائمنا أهل البيت، وولاة الامر، ويظفره الله تعالى بالدجال، فيصلبه على كناسة الكوفة، وما من يوم نيروز إلا ونحن نتوقع فيه الفرج لانه من أيامنا حفظته الفرس وضيعتموه!!**

نێوەندی فەرهەنگی کوردی واچاکە وانەیەک لەو هەڵوێستە خنکاوانەی نێو پۆزەتیڤی ونێگەتیڤی وەرگرێت، نە ئەو ڕەهەند وئیحائە دینییە بداتە نەورۆز وزۆربەی خەڵکی لێ بە گومان کەوێت، نە ئەو تەندیس وتەکفیرەی نەورۆز بکات وەک ئەوانی تر. چاکتر وایە بیکەینە رۆژێکی نەتەوەیی بۆ نزیک بوونەوەی کوردەکانی هەموو پارچەکان ونیشاندانی تایبەتمەندی نەتەوەی کورد.

هەموو نەورۆزێک کوردستان ئاوا.

٢٠٠٩ ڕۆژنامەی ستاندەر

نەورۆز وژیان لە دیدی کۆلکە سەلەفیان

محەمەد هەریری

(کەسی دزێو چاوی بە جوانی هەڵنایێ، ودەبەنگیش زیرەکی بە دوژمنکاری بۆ سەر خۆی دەبینێت، ودۆڕاویش وادەزانێ سەرکەوتن گاڵتەکردنە بە ئەو)

شێخ محەمەدی غەزالی

لە نێو جیهانی ئیسلامدا ولە ناو گۆڕەپانی ئەوانەی کاری دینداری ئیسلامی دەکەن دوو عەقڵیەتی سەرەکی بەدیدەکرێت، یەکێکیان میانڕەو وگونجاو لەگەڵ عەقڵ ومەنتقدا، دوەمیان: تونڕەو وشەڕانگێژ بەبەردەوامی دژی هەموو شتە ژیربێژیەکان بەناوی سەلەفیەت وگەڕانەوە بۆ سەردەمی زێڕینی سەلەفی صالح، من لەو وتارە دوەمیانم مەبەستە.

عەقڵیەتێکی توندڕەوانەی، چاویلکە ڕەش، دەق پەرستی وحەرفی، پێی وایە هەر کارێك پێغەمبەر و هاوەڵانی وشوێن کەوتەکانیان نەیان کردبێت، نابێت بکرێت، لە کاتێکدا ئەو کورت بینانە سەدان وهەزاران کار دەکەن ڕۆژانە بەبێ ئەوەی پێغەمبەر و هاوەڵانی وشوێن کەوتەکانیان کردبێتیان، ئەو عەقڵیەتە لە ناو نێوەندی سونە مەزهەبدا خاوەنی نەشازترین وبەرزترین ودزێوترین دەنگە، پێکەوەش لەگەڵ نیوەکەیتری عەقڵیەتی توندڕەوی شیعی خاوەنی گەورەترین کارەساتن کە بەڕێوەیە ولەو ڕۆژگارە سەرەتاکانی بەدیدەکەین لەو شەرە گەورە وبەرفراوانەی نێوان شیعە و سونەدا بە زمان وقەڵەم وتیڤی وکەناڵی ئاسمانی وئینتەرنێت وچەندین هۆی تر. مایەی گاڵتەجارییە کە ئەو دوو لایەنە شەڕانگێژە

یەکێکیان نەورۆز تەحریم دەکات کە سەلەفیەکانن، کەچی شیعەکان ڕۆژەکە وا تەقدیس دەکەن لەڕادەبەدەر!

لە نێو نێوەندی سونیدا، ئەو برادەرانە کە ناو لە خۆیان دەنێن بە سەلەفی بە چاوی پڕ گومانەوە سەیر دەکەنە هەموو دەوروبەریان، وهەموو جولە وکردارێک پەیوەندیشی بە ئایین نەبێت دەیئاینێنن، وەک ئەو بابەتانە:

- دەستکردن بە سەلام لە نا موسڵمان حەرامە! ئەگەر لە ڕێگایەکدا دەڕۆیشتن ناچاری کە لە پەنا دیوارەکان بڕوات تۆ لە نێو سینگی ڕێگاکە بڕۆ!! بڕوانە ئەو دەروونە عەنتەرە بەناو دینەوە!

- حەرامە پیرۆزبایی جەژنی سەری ساڵ لە مەسیحیەکان بکەیت!! بڕوانە ئەو دەروونە پڕ لە حقدە کە هیچ حیسابێك بۆ هاونیشتیمانی ناکات!

- مەولودکردن بۆ پێغەمبەر بیدعەیە! هینەکەیان گەیشتە پێغەمبەریش!

- ژن نابێت بە تەنها سەفەر بکات ئەگەر لەسەروی پەنجا ساڵیش بێت، دەبێت مەحرەمی لەگەڵدا بێت.! چونکە چەمکی سەفەر هەر بە پێودانگی کتێبە کۆنە فیقهیەکانە کە بە حوشتر ووڵاغ سەفەریان دەکرد. بڕوانە ئەو عەقڵە چەق بەستوە!

- ژن نابێت سەیارە لێخوڕێت حەرامە، بۆ؟ نەوەک لە بیابانێك سەیارەکە بوەستێت، وپیاو خراپێکی لێ پەیدا بێت!! بڕوانە ئەو دەروونە نەخۆشە!

- بیدعەچی [هەڵبەتە بە مەفهومی خۆیان] نابێت برادەراتی بکەیت، سەردانی بکەیت، سەلامی لێبکەیت وژن وژنخوازی لەگەڵدا بکەیت، ئەگەر مردیش نابێت بچیتە مەراسیمی ناشتنەکەی! بڕوانە ئەو دەروونە پڕ لە ڕق وکێمە لەسەر خودی موسڵمان، جا قوڕبەسەری ناموسڵمان!

ئەوە وگەلێك قسە وکاری منداڵکارانە کە هیچ سەنگی نییە لە واقیعدا.

بەو دوایە پاش ئەوەی ماندوو بوون لە قسەکردن لەسەر قسەکردن لەسەر سەری ساڵ وجەژنی خۆشەویستی و دایک ونیشتیمان ودرەخت وجەژنی لەدایک بوونی پێغەمبەر [ص] بایان دایەوە سەر نەورۆز، ئەو نەورۆزەی کە لەوەتی کورد هەیە ئاهەنگی تێدا دەگێڕێت، ئەو بێ ئیش وکەللە بۆشانە دەیانەوێت بە تازەکی لە خەڵکی کوردی حەرام بکەن ودەیانەوێت کوردیش ڕوانگە ڕەنگینەکەی وەک سروشتە ڕەنگینەکەی بگۆڕێتەوە بە ڕوانگە خێڵەکیەکەی سەلەفیەتی دەوارنشینی فیقهی بەدەویەت وهەمان ڕوانگە ڕەشەکەی ئەوان بکەتە تارمایی سەر چاوانی. قسەکانی مەلا سەمەد وئەوانی تر دەقاودەق لە سایتی سەلەفیەکانی خەلیج گواستراوەتەوە بۆ نمونە بڕوانە ئەو بابەتە : [حكم الاحتفال بعيد النيروز] لەو لینکە: http://islamqa.info/ar/ref/101404 دەبینیت کە تەنها وەرگێڕدراوەتە سەر کوردی.

لە ڕووی مێژووییەوە قسەی زۆر جیاواز هەیە لەسەر ئەسڵی نەورۆز وهی کێیە وچۆن دروست بوە، زەحمەتە هیچ کامێکیان ساغ بێتەوە، بەڵام من کارم بە مێژوو نیە نەورۆز هی قیبتیەکانە یان هی دوژمنانی کوردە ئەوانەی ئیمپراتۆریەتی میدیایان ڕوخاند، یان کاوەی ئاسنگەر هەقیقی بوە یان ئەفسانە، یان زوحاك ئەسڵی هەیە یان ئەفسانەیەکی فیردەوسییە..هتد.

بەڵام ئەوەی من دەیزانم ئەوەیە و بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون نەورۆز پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە و کۆنترین جەژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. ، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، ڕۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جەژن. نەورۆز ئەوەندەی مێژوو ئاگادارە لەوەتی کورد و مرۆڤ هەیە ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرێت. لە پاش هاتنی ئیسلامیشدا کورد ونەتەوە ئیسلامەکانی تر هەموو کاروبارێکی پێچەوانە بە ئایینی ئیسلامیان خۆویستانە فەرامۆش کرد، ئەگەر دژایەتی کردبێت لەگەڵ عەقیدەی ئیسلامی، بەڵام زانا وداناکانی ئیسلامی کورد، کە زۆر ژیرتر بوون لەو کۆلکە سەلەفیە شەڕانگێژانەی ئەو ڕۆژگارە پڕ لە بەدبەختیەی کورد، هەر زوو هەستیان

بەو جیاوازیە کرد لە نێوان بۆنەی ئایینی وبۆنە وکایەی نیشتیمانی یان بۆنەی سروشتی وبەدرێژایی تەمەنی ئیسلامیش یادی ئەو بۆنەیە کراوەتەوە لە نێو کوردا ونەورۆزیش لە هەموو دەقە کۆنە کوردیەکان ئاماژەی پێکراوە، ولەلایەن سەدان شاعیری کوردی موسڵمانی پایە بەرزی وەک ئەحمەدی خانی وجزەیری ونالی وحاجی قادر ومەحوی ئاماژەی پڕ لە جوانی بە نەورۆز کراوە لە کاتێکدا پەنجەی هەریەک لەو شاعیرە موسڵمانانەی کورد هەزار کۆلکە سەلەفی وەک مەلا سەمەد ومەلا گەرمیانییە توندڕەوەکان دەهێنێت، کە دەیانەوێت یادەوەری کورد وێران کەن وکۆنەست وهەستی خۆشی منالی وگەنجی کورد بسڕنەوە.

مەلا سەمەد دەڵێت نەورۆز حەرامە چونکە پێغەمبەر وسەحابە نەیان کردیە، ئەخر پێغەمبەر وسەحابە کە عەرەب وقوڕەیشی بوون لە کوێ ئاگاداری نەورۆز بوون تا بیکەن یان نەیکەن.

نەکیرەیەکی بی مەعریفەی تر دەڵێت: " بەشداری کردن لە [نەورۆز] تیایدا لاسایی کردنەوەیەکی کوێرانەیە و هیچ بەڵگەیەکی لەسەر نی یە، پێغەمبەری خوایش ﷺ ئاگاداری کردووینەتەوە لەوەی کوێرانە لاسای گاوڕ و خاچ پەرەستان و ئاگر پەرستان نەکەینەوە ...."

ئەو بیرکۆڵە دەڵێی باسی [ڤالنتاین] دەکات وکورد دوێنی فێری لاساییکردنەوەی نەورۆز بوە، نازانێت زۆربەی زۆری بەڵگەکان ئاماژە دەکەن بە کوردی بوونی نەورۆز لە بنەڕەتدا، ئینجا سەیر لەوەدایە تەنها دوازدە وڵاتی ئیسلامی بەڕەسمی ئاهەنگ دەگێڕن لە نەورۆزدا، خاچ پەرستی چی و ئاگرپەرستی چی، ئەو قسانە بکە نوشتەیەك وبیخە ناو ئاو وبیخۆرەوە بەڵکو مەنیقی خواروخێچتان کەمێك ڕاست دەبێتەوە.

دەقێك هەیە کە حەزرەتی عەلی کە ناسراوە بە حیکمەت پەسنی نەورۆزی کردوە، کەچی سەلەفیەکان ئەویش بەلێکدانەوەی سەقەت دەشێوێنن:

(أتی علی –رضی الله عنه- بهدیه النیروز فقال ما هذه؟ قالوا یا أمیر المؤمنین هذا یوم النیروز قال فاصنعوا کل یوم فیروز)

واته : (دیاریەکیان هێنا بۆ ئیمامی عەلی (ڕەزای خوای لێبێت) بە بۆنەی نەورۆزەوە, ئیمامی عەلی فەرمووی ئەم دیاریە چیە؟ ووتیان میری ئیمانداران ئەوڕۆ ڕۆژی نەورۆزە، ئیمامیش فەرمووی هەموو ڕۆژێك بکەن بە [نەورۆز] فەیروز)

برادەرێکی سەلەفی کە تەرجەمەی ڕەشەبای سعودیە دەکات بە کوردی دەڵێت:
لە وەڵامی ئەم جۆرە کەسانەی کە دەڵێن حەزرەتی عەلی پەسنی نەورۆزی کردوە "(شێخ سەفەر ئەلحەوالی) دەفەرموێت : (ئیمامی عەلی ڕازی نەبوو تەنها ئیقرار بە ناوەکەیشیان بکات چی جای ئەوەی یادی بکاتەوە و خواردنیان بخوات، ئیمامی عەلی هەر حەزی نەکرد بڵێت نەورۆز بەڵکو فەرمووی فەیروز)"

ناڵێ عەرەب بە سروشت نازانن ناوی غەیرە عەرەبی وەك خۆی گۆ بکەن وبەڕای من کۆلەوارترین میللەتی دونیان لە بەدگۆکردنی ناوی میللەتانی تر، ئەو [نەورۆزە یان نورۆز] لە هەموو سەرچاوە ئیسلامیەکان پێی دەڵێن [النیروز]!!! یان هەر کاتی خۆی یەک کورد بە خزمەت پێغەمبەر گەیشتبوو ناوی [گاوان] بوە فەقیرە، کەچی هەموو سەرچاوەکان پێی دەڵێن [جابان]، هەرچەندە ئەو دەقە ئاشکرایە کە حەزرەتی عەلی هیچ ناڕەزایەکی دەرنەبڕیوە بەرامبەر نەورۆز وهیوادار بوە هەموو ڕۆژێك نەورۆز بێت بۆ ئەوەی خەڵک دڵخۆش بێت کەچی ئەو زانا سەلەفیە پێی وایە تەنانەت عەلی " حەزی نەکرد بڵێت نەورۆز بەڵکو فەرمووی فەیروز " ئەخر فەیروز مانای چییە؟ وچ ڕەبتێکی بە نەورۆزە، منیش دەڵێم کە کوردم وهەرچەندە سەلەفیەکانی کورد قسەی سعودیەکانیان لا گرنگترە: یان وەک گوتم حەزرەتی عەلی نەیزانیوە ناوەکە بە جوانی گۆ بکات، یانیش ئەوەی نوسیویەتیەوە هەڵەی تێدا کردوە.

ئەو جۆرە قسە نەشازانە پەیوەندیان بە گشتی مەلا وزانایینی کورد نییە، بەڵکو تەنها گوزارش دەکات لە کەمینەیەکی سەلەفی پیشەیان هەر تێکدانە، بەڵام سەدان مەلا سەمەد ونازانم کێ گەرمیانی ناتوانن قەناعەت بەو خەڵکە بکەن بەپێی فیقهی بەدەویەتی بەناو سەلەفیەت بڕۆن بەڕێوە، کورد لە بنەڕەتدا حەزی بە توندڕەوی نییە، وپێویستی بە فەتوای سعودی نییە تا فێری دینداری بێت بۆیە چاکترە خۆیان لەو باسە هەستیارانە نەدەن چونکە هێندە ئێسکیان سوک نییە تا قورستری کەن.

نەورۆزی هەموو لایەک پیرۆز.

لەندەن

٢٠١٢/٣/٢٢

هەموو ژیان کوفر وبیدعەیە لای سەلەفیەت نەک هەر نەورۆز!

بۆ تێگەیشتن لە بە حەڕام زانینی نەورۆز لە عەقڵیەتی سەلەفی دەبێت بیروڕا و مەنهەجی یرکردنەوەیان بە پێوەرە گشتیەکان بزانیت، نەك تاك تاکی شتەکان. دەکرێت بە سێ تەوەرە دەستنیشان بکرێت:

- حەڕامی هەموو بۆنەکانی دەرەوەی مەنهەجی سەلەفیەت بە ئیسلامیشەوە!
- زاڵبوونی ڕوحی عروبەت لە بەرگێکی دینیدا
- ڕەتکردنەوەی هەموو کلتورێکی گەلان لەو شتانەش کە پەیوەندی بە بیروباوەڕ نیە

یەکەم: پێویست ناکات بپرسیت ئایە نەورۆز حەڕامە یان کوفرە، یان جەژنی دایك یان باوک یان خۆشەویستی یان درەخت یان و یان حەڕامە یا کوفرە، چونکە بۆ هەمووی یەك وەڵامیان هەیە و پیوەرەکی دینی تەسکیان هەیە لەسەر بنچینەی ئەقوالی سەلەفی سالًح، و ڕوحی عروبەت کە هەموو ستێکی غەیرە عەرەبی دەبوغزێنێت لە زمان و کلتور و داب ونەرێت و هەتا تیروکەوانی فارسی و نەعلی سندی هیندیش بە حەڕام و مەکروهـ لێی دەڕوانن.

ئیبن تەیمیە دەڵێت:

> بەو نەهیکردنە لە وێکچوون بە غەیری موسڵمانان چەندین زانا کردویانەتە بەڵگە، محمد بن ابي حرب

پرسیاری لە ئەحمەد [کوڕی حەنبەل] کرد دەربارەی دەرچوون لە ماڵەوە بە نەعلی سندی. پێی مەکروە وخراپ بوو بۆ ژن وپیاو، و گووتی: ئەگەر

بۆ ئاودەست و دەستنوێژگرتن بێت، بەڵام ڕقم لە صرارە. گووتی: ئەوەش پۆشاکێکی عەجەمە!

هەروەها هەمان پرسیار لە سعید بن عامر کرا لە وەڵامدا گووتی: سونەتی پێغەمبەرمان خۆشەویسترە لە سونەتی باکهون، کە پاشایەکی هیندی بوو!

"وبهذا احتج غير واحد من العلماء على كراهة أشياء من زي غير المسلمين قال محمد بن أبي حرب سئل أحمد عن نعل سندي يخرج فيه. فكرهه للرجل والمرأة وقال: إن كان للكنيف والوضوء وأكره الصرار. وقال: هو من زي العجم.

وقد سئل سعيد بن عامرعنه فقال: سنة نبينا أحب إلينا من سنة باكهن. " اقتضاء ص ٢٢٢

دووەم: زاڵبوونی ڕوحی عروبەت لە بەرگێکی دینیدا

ئەگەر بە دەست سەلەفیەت بێت و بۆیان بچێتە سەر هەموو جیهان بەو تەوحیدەی کە بانگەشەی بۆ دەکەن تەوحید دەکەن لە عەرەبیدا: زمانی هەموو دنیا لە عەرەبیدا تەوحید دەکەن یانی پییان ئاساییە هەموو زمانی دنیا نەمینێت لەبەر خاتری عەرەبی! جل وبەرگی هەموو جیهان دەکەنە ئەو دیشداشە ناشیرین و کورتانە، هەتا عەتریش دەبێت بەس عەتری ترادیشناڵی ئیسلامی سعودی عەرەبی بەکار بهێنیت، دەبێت هەموو داب و نەریتی خواردن و خەوتن و هەتا چونە ئاودەستیشت بعەرەبێنی، بەو ئیعتقادەوە چونە ناو وڵاتانی تری نا عەرەبی، هەر بۆیەش هیچ دینێك پێش ئەوان و پاش ئەوانیش نەیتوانیوە زمانی دەیەها میللەتی ئاسیایی و ئەفریقیایی بگۆڕێت، عەرەب لە جەزیرەیەکی بچوکەوە بکاتە خاوەن زیاتر لە بیست دەوڵەت.

ابن تیمیە دان بەوەدا دەنێت کە ئەو جۆرە سیاسەتە عەرەبیە بۆتە هۆی بە عەرەبکردنی زۆربەی هەرە زۆری خەڵکی ئەو وڵاتانەی کە هاتنە ناو ئیسلامەوە، لەوبارەیەوە لە اقتضاء الصراط المستقیم، ص 206. دەڵێت:

(لێراهاتنی ئاخاوتن بە غەیری زمانی عەرەبی کە دروشمی ئیسلامە وزمانی قورئانە تا ئەو کاتەی دەبێتە زمانی ئەو شارە وخەڵکەکەی، وزمانی ئاخاوتنی ماڵەوە ونێوان هاوڕێیان، وزمانی خەڵکی بازاڕەکان، وفەرمانرشەوایەکان، ودیوانەکان (فەرمانگەکان) وئەهلی فیقە، گومانی تێدا نیە کە مەکروهە وەک باسکرا، بۆیە موسڵمانەکانی بەرایی کاتێک لە خاکی شام ومیسر نیشتەجێ بوون کە خەڵکەکەی رۆمی بوون، ولە عێراق وخوراسانیش کە زمانی خەڵکەکەی فارسی بوو، ولە مەغریب کە زمانی خەڵکەکەی بەربەری بوو، خەڵکی ئەو وڵاتانەیان لەسەر ئاخاوتنی عەرەبی ڕاهێنا، هەتا زاڵ بوو بەسەر زمانی موسڵمان وکافرەکانیان)

لای سەلەفیەت و زانایانی:

تەنها لە ناچاری جایزە بە غەیری عەرەبی بدوێی! لای هەموو ئیمامەکانی مەزهەبەکان نابێت بە غەیری عەرەبی بدوێیت بۆ ناچاری نەبێت!

پێویستە ڕێگا لە پیسبوونی ڕەگەزی عەرەب بگیرێت! نابێت پۆشاکی غەیری عەرەبی لەبەر بکرێت!

هەتا تیروکەوان و نەعلەکانی پێشیان مەکروهە!

- **ڕق لێ بوونەوە لە هەموو بۆنە و کلتورێکی گەلانیتر!**

هەروەها چەندین ڕیوایەتی لە سەحابەیەکی وەک عومەر وعبداللەی کوڕی وسعدی کوڕی ئەبو وەقاس دەگێڕێتەوە کە عەقڵ پێی هەرس ناکرێت ئەو ڕەگەزپەرستیە لەوانە دەرچوبێت، بۆ نمونە: (عن عطاء

بن يسار - هكذا رأيته، ولعله ابن دينار - قال: قال عمر: إياكم ورطانة الأعاجم، وأن تدخلوا على المشركين يوم عيدهم في كنائسهم.) [نەکەن بە عەجەمی بدوێن، یان بچنە لای موشریکەکان لە پەرستگاکان وکلێسەکانیان]

لە ڕیوایەتێکە تری عبداللەی کوڕی عومەر باسی نەورۆز دەکات ودەڵێت [ئەوەی لە وڵاتی عەجەمان بوو وەک ئەوان ئاهەنگی نەورۆزی کرد وخۆی پێیان چواند تا مردن لەگەڵ ئەوان حەشر دەکرێت] (وبالإسناد عن الثوري ، عن عوف عن الوليد - أو أبي الوليد - عن عبد الله بن عمر قال: من بنى ببلاد الأعاجم فصنع نيروزهم ومهرجانهم وتشبه بهم حتى يموت وهو كذلك - حشر معهم يوم القيامة.)

بێگومان لەبەر بێ زانیاری و نزیکی سەردەمی خەڵکی فارس بە ئیسلام بونیان دەکرێت کوڕی عومەر ترسا بێت کە نەورۆز ڕەهەندێکی ئایینی هەبێت کە لە ڕاستیدا نەورۆز هیچ بنەمایەکی ئاینی نییە، بەڵام دەکرێت عبداللەی کوڕی عومەر هەر هێندەی زانیبێت دەربارەی نەورۆز بۆیە لەبەر نەبوونی زانیاری ئەو کاتە خەڵکی بەچاوی پڕ گومان وترسەوە دەیانڕوانیە یەکتر، سیر لەوەدایە سەلەفیەکانی سەدەی ٢١ لە عەرەب وکورد لەو ڕۆژگارە هەمان قسەکانی عبد الله کوڕی عومەر دوبارە دەکەنەوە بێ ئەوە هیچ بیانوێکیان هەبێت، تەنها دواکەوتنی نا عەقڵانیانەیە بە شوێن سەلەفی ساڵح لە ورد ودرشت وچاك وخراپ وڕاست وچەوتیاندا.!

هەر لەو کتێبی اقتضاء ی ابن تیمیەدا دەڵێت سعدی کوڕی ئەبو وەقاس گوێی لە کەسانێک بوە بە فارسی قسەیان کردوە، پێیانی وتوە: ئەو مەجوسیەتە لە پای چی لە پاش دینی حەنیفیەت (واتە ئیسلام) (حدثنا إسماعيل بن علية ، عن داود بن أبي هند أن محمد بن سعد بن أبي وقاص سمع قوماً يتكلمون بالفارسية فقال: ما بال المجوسية بعد الحنيفية.) کەوابوو

تەنها قسەکردن بە فارسی هاوتای مومارەسەکردنی دینی مەجوسیەت بوە لە عەقڵیەتی سەعددا، کێ ناڵێت هەر باس باسی ئیسلام بوە بەڵام بۆ عەرەبی نەزانێکی فارس بە زمانی خۆی بۆی ڕونکراوەتەوە!!

چەندین ڕیوایەتی تر لە تابعیەکاندا دەگێڕێتەوە کە هەمووی ئەو پەڕی ڕەگەزپەرستی پێوە دیارە، بۆ نموونە موجاهید رقی لەناو نانی مانگەکان بۆتەوە بە فارسی، نەک هێندە، بەڵکو رقی لەوەش بوە کە هەتا ناویشی فارسی بێت ناوی بهێنێت!!

(وروى فيه عن مجاهد حديثاً أنه كره أن يقال: آذرماه، وذي ماه قلت: فإن كان اسم رجل أسميه به ؟ فكرهه)

ابن موبارەک ڕقی لەو وشەی (یەزدان) یش بوە کە بە خوا دەگوترێت بە فارسی، لە ترسی ئەوەی ئیزافە کرابێت بۆ شتێکی پەرستراو! دەکرا پرسیاری کردبا لە ماناکەی بەر لەوەی ڕقی لە ناوی خوا بێتەوە تەنها لەبەر ئەوەی بە فارسی هاتوە: (قال: وكان ابن المبارك يكره ايزدان يحلف به، وقال: لا آمن أن يكون أضيف إلى شيء يعبد)

کوڕی حەنبەل دەربارەی فارسی و زمانەکان، دەڵێت: " زمانێکی خراپە دروست نیە سوێندی پێ بخورێت و نوێژی پێ بکرێت و هیچ عیبادەتێکی تری پێ بکرێت! "وقد سُئل الإمام أحمد بن حنبل عن الدعاء في الصلاة بالفارسية؟ فكرهه. وقال: لسان سوء ولا يصح الحلف بها ولا الصلاة ولا سائر العبادات. ص ٢٠٤.

ئەو هەڵوێستانە هەمووی لە ئیمان بە عروبەتچی و ئەفزەڵیەتی عەرەب هاتووە، هەندێکیانیش لەترس ولە نەبوونی زانیاریەوە هاتوە، یەکیان نازانێ نەورۆز چیە، ئەویتریان نازانێت یەزدان مانای چیە ترسی هەیە ئیزافە کرابێت بۆ شتێکی پەرستراو!

هەر میللەتێك و هەر کەسێك کە کەوتنە ژێر کاریگەری سیستمی فیکری سەلەفی پاش ماوەیەکی کەم هەموو مێژوو و کلتور و داب ونەرێت و هەتا نەعل و پۆشاکی نەتەوەیی خۆشیان دەکوڕهێنن، من سەیرم بەو سەلەفیانەی مەدخەلی و ئەوانیتریش دێت، کە زۆر بە جلی کوردی دەردەکەون لە ڤیدیۆکانیاندا، کە وابزانم بۆ تەعویزی نەفسیە بەرامبەر تێڕوانینیان بۆ خۆیان وەك کورد لە ڕوانگەی سەلەفیەت.

بێگومان کە تێڕوانینیکی سووکە، بۆ هەموو گەلانیتریش، دووەمیش بۆ رەتدانەوەی ئەو تۆمەتانەی ناکوردی بوونیانە. فیکر وچەمکی سەلەفیەتی دینی عروبی هێندە کاریگەری هەبووە بەسەر زاناکانی میللەتان وەک بۆ نمونە ئەبو ڕەیحانی بەیرونی ناسراو بە خەوارزمی کە رۆژهەلاتناسێکی ئەلمانی دەربارەی دەڵێت: " خاوەنی مەزنترین عەقلیەتە لە مێژوودا زانرابێت"!

هەر ئەو خەوارزمیە کە فارسیە و خەڵکی خەوارزمە و لە کۆنەوەش تەکفیر دەکرێت لەلایەن سەلەفیەتەوە، دەڵێت:

(واللە لأن أهجى بالعربية خير لي من أن أمدح بالفارسية)

بەخوا بە عەرەبی دامشۆڕن و زەمم کەن پێم باشترە بە فارسی ستایشم کەن!!!

لەندەن

٢٠١٦/٣/٢٠

ئەردۆگانیەکان و هاوەڵانی فەیسەڵ قاسمی شۆڤێنی قەڵسن بە نەورۆز!

کابرایەکی مێژووچی کە تا سەر ئێسقان خۆیی و فیکر وقەڵەمی خستوتە خزمەت ئەردۆگان و هەر زیانێك بۆ کورد، هاتوە وتارێکی نوسیوە بە عەرەبی لەسەر نەورۆز هەمان بیانووەکانی مەلا سەلەفیەکان و ئیسلامیەکان بە گشتی دووبارە دەکاتەوە، نازانیت چۆن بڵێت نەورۆز حەڕامە و بیدعەیە، بە ناچاری پەنا دەبەنە بەر بیانووی تر...

کاتی خۆی لە بیرمە ئیسلامیەکان کە بەژداری هیچ ئاهەنگ و گەشتێکیان نەدەکرد، کە کوران وکچان لێیان دەپرسین بۆ بەژداری ناکەن، دەیانگووت چۆن بەو هەموو ئەنفالە و کیمیالێدراوانە بەژداری ئاهەنگ وگەشت بکەین! شەرمیان دەکرد بڵێن ئاهەنگ وگۆرانی وگەشتیش حەڕامە بە تایبەتی ئەگەر کچ وکوڕ تێکەڵاوبوون!

دەڵێت: شەرع هیچ قەدەغەیەکی تێدا نییە بۆ ئاهەنگ گێڕان بە نەورۆز نە لە ئیسلام و نە دینە تەوحیدیەکانی تر، بەڵام لەوانەیە ئاهەنگ گێران بەو شێوەیە خزمەتی ئامانجە باسکراوەکان ناکات، ئەگەر لە دەستپێکی هەلەوە دەستمان پێکرد"!

"نعم ليس هناك في الشرع ما يمنع الاحتفال بمناسبة النورورز لا في الاسلام ولا القيم التوحيدية السماوية الاخرى.ولكن قد يكون الاحتفال بهذه المناسبة بطريقة لا تخدم اهدافها المذكورة اعلاها اذا انطلقنا من بعض المنطلقات الخاطئة:"

ئەو پیاوە وادەزانێت کە لەقەبت گەورە بوو، دەتوانی بە کەیفی خۆت قسە بکەیت. نەزانیەکەی بەڵایە، نازانم لە کام شەرعی ئیسلام نەورۆز بە شێوەیەکی زانستی و دۆستانە باسکراوە، شەرع لە کوێ ڕێگای بە نەورۆز داوە!؟

دەستپێکە هەڵەکانی ئەوانەن:

یەکەم: دانانی ئەو بۆنەیە بە جەژنێکی نەتەوەیی تایبەت بە کورد لەسەر بنچینەی مێژوویی هەقیقی بنیات نەنراوە، و هەوڵێکی بێ هودەیە بۆ داهێنانی میسۆلۆژیایەك بۆ بیری نەتەوەیی کوردی لەسەر بنچینەی نازانستی.

اولا ان اعتبار هذا المناسبة هو العيد القومي الكوردي الخالص لا تسند على اسس تاريخية حقيقية ومحاولة يائسة لخلق ميثولوجيا للفكر القومي الكوردي على اسس غير علمية.

جارێ هیچ کوردێك نەیگوتوە نەورۆز تەنها جەژنێکی کوردیە، بەڵام کورد دەڵێت وەك چۆن فارس بە جەژنی خۆیان دەزانن ئەوانیش بە جەژنی خۆیان دەزانن، وکورد هیچ میسۆلۆژیایەکی لێ دروست نەکردوە، بەڵکو هەزاران ساڵە کورد ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت، وەك مێژوو باسی دەکات، لە سەردەمی ئەمەوی و عەباسی و ئەیوبیەوە تا دەگاتە عوسمانی. چ ڕێگە دەگرێت گەر کوردە نەتەوەییەکان سودی لێ وەرگرن بۆ بەهێزکردنی گیانی کوردبوون؟! کورد تەنها بەو جەژنە مەگەر کوردایەتی بجوڵێت، ئەی خۆ بە تەما نیت بە جەژنی قوربان گیانی خەباتی بجوڵێت کە ئەویش جەژنێکی هەر کوردی نییە؟!

ئینجا دەڵێت: "فارسە ئێرانیەکاان ئەو بۆنەیە بە ڕۆژێکی قەومی خۆیان دەزانن [بە پێی ئەفسانەی شاهنامەی فردەوسی] کە لەو ڕۆژەدا کاوەی ئاسنگەری فارسی سەرکەوت بەسەر دواهەمین شای میدیەکانی کورد زوحاك. ئەو ئەفاسانەیە ڕاستیە مێژوویەکان پاڵپشتی ناکەن. ئەگەر فارسەکان ئاهەنگی پی دەگێڕن لەبەر ئامانجی نەتەوەیی خۆیان تێناگەم بۆ ڕۆشنبیرە کوردەکان برەو بەو درۆیە دەدەن بۆ فریودانی گەل. گەلی

کورد دێرینە شکۆمەندی و دیرەگی نەتەوەیی سەروزیادی هەیە، پێویستمان بەو ئەفسانەیە نییە"!

يعتبر الايرانيون الفرس هذه المناسبة يوما قوميا لهم لانهم يعتقدون (وحسب اسطورة الشهنامه التي الفه الكاتب الايراني الفردوسي) في يوم نوروز انتصر كاوة الحداد الفارسي على اخر ملوك الميدين الكورد زوحاك (ازديهاك). هذه اسطورة لا تدعمه الحقائق التاريخية. واذا كان الفرس يحتفلون بها لاهداف قومية لهم لا افهم لماذا يقوم المثقفون الكورد بترويج هذه الاكذوبة وخداع الشعب. فالشعب الكوردي شعب عريق وله من الامجاد والمقومات القومية الكافية لسنا بحاجة الى هذه الاسطورة الكاذبة.

ئەوەیە ئامانجی هەقیقی لەو وتارە ترسنۆکە و چەواشەکارە، ناوێرێت بڵێت نەورۆز حەرامە و بیدعەیە وەك مەلا عبداللطیفی مەدخەلی، دێت باسی بنچینەی مێژوویی و کوردبونی زوحاك و فارس بوونیکاوە دەکات!

برادەرەکەی فەیسەڵ قاسمی شۆڤێنیش کە ڤایرۆسی سەلەفیەتی داعشیەت لێیداوە، ئەوەی بە ناوی علی سیرینی دەنوسێت، شەو ورۆژ ستایشی ئەردۆگان و فەیسەڵ قاسم دەکات وجوێن بە شەرڤانانی کورد دەدات، ئەویش وەك ئەو ئەردۆگانیە هەر بە عەرەبی دەڵێت: " لە ٢١ ئادار ڕۆژی ئەوەی ناوی دەنێن بە جەژنی نەورۆز تێدەپەڕێت. گەلی کورد لەوانەیە تەنها گەلێك بێت لە جیهان کە ئاهەنگ بەبۆنەی دارمان و دۆڕانی دەگێڕێت...لەو ڕۆژە دوا شای میدیەکان زوحاك لەناوبردرا، کاتێ کۆرشی مەزن، کە دایکی کچی ئەو سایە میدیە زوحاك بوو، توانی کۆدەتا بکات بەسەر باپیری ودەست بگرێت بەسەر مولکی و بنچینەی یەکەم دەوڵەتی ئەخمینی فارسی دامەزرێنیت بۆ یەکەمجار لە مێژوو، لە ساڵی ٥٥٠ ی پێش زاینی!"

ي 21 آذار من كل عام تمر ذكرى ما يسمى بعيد النيروز." الشعب الكُردي قد يكون الوحيد في العالم في الإحتفال بسقوطه وهزيمته أمام أعدائه. ما يسمى بعيد النيروز ليس سوى تتويج للفرس وحيازتهم لأول مرة على الحكم.... لكن الغريب هو قصة نيروز. ففي هذا اليوم تم القضاء على آخر ملك ميدي وهو أستياك (يسميه العرب ضحاك) حيث قام كورش الكبير، الذي كانت أمه بنت هذا الملك الميدي، بالإنقلاب على جده (أب أمه) واستولى على ملكه، وبذلك أسس أول بنيان للدولة الأخمينية الفارسية لأول مرة في التاريخ، في عام 550 قبل التاريخ.

به نسبەت ئەو دوو ئەردۆگانیەوە دەڵێم:

ئەوە تەنها بیانوی دینداریە وات لیدەکات ئەو قسە هیچ و بێ بنەمایانەی فیردەوسی لەلایەك بڵێیت ئەفسانەیە و لەلایەکیتر بڵێیت کەوابوو نابێت کورد بە ڕۆژی خۆی بزانێت چونکە شاهنامە دەڵێت جەژنی فارسە! و لە لایەکیتر بڵێیت کورد لە دێرینەوە هەتا لە سەردەمی ئەیوبیەکانیش ئاهەنگیان گێڕاوە بە نەورۆز! لەلایەکیتر بڵێیت کوردە نەتەوەیەکان دەیانەوێت نەورۆز بکەنە میسۆلۆژیا فکری نەتەوەیی! ئەو هەموو هەڤدژیە تەنها ئاماژە دەکات کە تۆ بە پاڵنەرێکی دینی ئیسلامی سیاسی کە دژی هەموو بۆنەیەکی نا ئیسلامیە دەوەستیتەوە چونکە بەڕای ئێوە ناکۆکە لەگەڵ ئەندێشەکانی سەلەفی ساڵح!

ئەوە کاری مێژوو نوسانە بێن بەرگری لە مێژووی میلەتەکەیان بکەن، نەک مێژووناسان بێن بە عەقڵیەتێکی سەلەفی وشکەوە زۆربەی مێژووی کورد بشەیتانێنن.

ئەگەر کورد لەوەتی هەیە ئاهەنگ بگێڕێت بەو بۆنەیە، کەوابوو ئەگەر کورد بۆچوون و چیرۆکی خۆسی نەنوسیبێتەوە دەربارەی هۆکاری ئاهەنگ گێڕانی بە نەورۆز بەڵام چیرۆکی پشتاو پشتی زۆرمان هەیە دەربارەی نەورۆز، دەکرێت بڵێین مەسەلەی کاوە وزوحاك وکردنەوەی ئاگری ئازادی هەمووی لە بنەڕەتدا داستانێکی یان ئەفسانەیەکی کوردی

نە نوسراو بێت وکورد لە بەدبەختی خۆی تۆماری نەکردبێت لەلایەن زانایانی لەوانەیە لەبەر هۆی ئایینیەوە یان لە نەزانییەوە، فارسەکان هەرزوو دەستی خۆیان وەشاند وزۆربەی ئەفسانە وداستانی ئاریاییە کۆنەکانیان بۆخۆیان تۆمار کرد وبە هەوەستی خۆشیان دەسکاریان کردوە.

فیردەوسی داستانی شاهنامە دەنوسێت لە جەوێکی ئەفسانەیی، تێیدا بە کەیفی خۆی کەسەکان ورِوداوەکان ئاڵ وگۆرِ دەکات هەتا زوحاکیش بەعەرەب لەقەڵەم دەدات وبەشێوەیەکی ئەفسانەئامێزانەش ئاماژە بە بوونی کورد دەکات، گوایە لەو منداڵە رزگاربوانە لە سەربرِینی زوحاک کورد دروست بوە

[کنون کرد از این تخمه دارد نژاد کز یباد ناید بدل برش یاد]

[جا کوردەکان لە تۆرەمەی ئەو لاوانەن کە نەیاندەزانی ئاوادانی چیە][2] دەیەوێت بڵێت کە کورد لە فارسەوە وەپاش کەوتوە پاش هەڵاتنیان بۆ کێوەکان! لە بنەرِەتدا فارسن ولەدەست زوڵمی پاشای عەرەب رِایان کردوە،

کەوابوو رِاست ناکەن کە دەڵێن زوحاك پاشای میدی کوردە لە شاهنامە، بەڵکو لە شاهنامە زوحاک بە عەرەب دانراوە!

شاهنامە نەورۆز ناگێرێتەوە بۆ شەری کاوە وفەرەیدون لە دژی زوحاك، یان کودەتای کۆرِوشی مەزن بەسەر ئەستیاگی پاشای میدیەکان، کە سەرلەبەری ئەفسانەیە، بەڵکو بەو جۆرە ئەفسانەیەوە باسی دەکات: " ئینجا جەمشید هات سەر تەختی فەرمانرِەوایی لە پاش باوکی تەهمورت کە ئەویش وەك ئەو سەرکەوتو بوو بەسەر دێو ودرەنجەکانیش وتوانی لەسەر قەروێڵە رِازاوەکەی بفرِێت بەسەر هەموو مەملەکەتەکانی بە هۆی جنۆکەکانیەوە!! جنۆکەکان لەو رۆژە هەڵیان گرت کاتێ خۆر کەوتە قوللەی حەملەوە، وزۆر دلخۆش بوو ومەی دەبەخشرایەوە وئەو رۆژە ناونرا بە رۆژی نەورۆز کە بوە عورفێکی پیرۆز لای فارسەکان. "[3]

شاهنامە لە ڕووی ڕاستیەوە ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت زۆر لە رەخنەگران پێیان وایە کە قۆناغی یەکەمی شاهنامە: سەردەمی ئەفسانەییە کەباسی گیومیرت وجەمشید وزوحاک وفەرەیدون وکاوە دەکات، کە ئەو قۆناغە هیچ نرخێکی مێژوویی نییە ورەنگی ئەفسانەیی زاڵە بەسەریدا.

لە کۆتاییدا ئەو بەشەی نوسینێکم لەسەر نەورۆز دووبارە دەکەمەوە: " ئەو دژە نەورۆزانەی چیرۆکی کاوە وزوحاکیان هێندە بە جدی وەرگرتوە دەڵێی باسی کەسانێکی سەدەی بیست ویەکەم دەکەن، وکاوەی داماو دەکەنە خاین وخۆفرۆش، کە ئەمڕۆ هەزاران کورد ناوی کاوەیە! وزوحاک دەکەنە دوا پاشای میدیەکان [ئەشتیاگ] نازانم بە چ پێودانگێك کە تۆ نەتوانی هیچ مێژویەکی کۆن بە وردی دیاری بکەیت؟!

پێم وایە مێژووی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆنتر لە مێژووی ڕوخانی دەوڵەتی مادەکان یان دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخمینیەکان، نەورۆز کۆنترین داستان یان ئەفسانەی ئارياييە، ئەفسانە بەرهەمێکی گرنگی عەقڵی مرۆڤە بە گشتی. هەرچۆنێکی بێت چیرۆکی کاوە وزوحاک دەبێت لە چوارچێوەی داستانێك یان ئەفسانەیەکی نیشتیمانی بخوێندرێتەوە نەك وەك مێژوویەکی واقیعی، خوێندنەوەی بەو شێوەیە داستانێکی بەسوود دەبێت بۆ پتەوکردنی هەستی ئینتیما بوونی پوکاوەمان.." ئینجا ئەگەر بەدوای ڕاستی وناڕاستی ئەفسانەی نەتەوەیی بگەڕێیت دەبێت گریکەکان هەموو ئەفسانەکانی خۆیان گڕ تێ بەردەن!

کورد نەورۆزیشی نەمێنێ کە ملیۆنەها کورد دەهێنیتە سەر جادە و کۆبوونەوە و خۆپیشاندانەکان وەك لە باکوور دەیبینین، چی دەمێنێتەوە لەو ئەمجادانەی کە باسی دەکەیت؟! مەگەر ئاهەنگ بە لە دایکبوونی سەلاحەدینی ئەیوبی بکەین، کە لەبەر خراپی عەرەبە هاودینەکانمان، خەڵکێکی زۆر ڕقی لە سەلاحەدینیش بۆتەوە!

کەوابوو شانامەش پشتگیری ئەو چەواشەکاریانەتان ناکات، و پاڵنەری دینی سەلەفیانەتانە وا هانتان دەدات لە دژی جەژنێکی کۆنی کورد،

ئەوەش ڤایرۆسێکی دینداریە ئەوەی گرتی بەلایەنی کەم پازدە ساڵی دەوێت تا بەریدات یان خراپتر ڕۆ بچێت!

لەندەن

٢٠١٦/٣/٢٦

کاوه و زوحاك له نێوان ڕاستی وئەفسانەدا!

من تێناگەم بۆ هەموو ساڵێك له نەورۆزدا چەندین لایەن به دینی وسێکیولار ومەلا وڕۆشنبیرەروه، بەس خەریکی هێرش کردنن بۆسەر نەورۆز به چەندین پاساوی دینی ومێژوویی وئەکادیمی وشتی تریش.

سالەکانی ڕابردوو هێرشی سەلەفیه دینیەکان وسێکیولارەکان وئەکادیمیەکان لەسەر خودی نەورۆز بوو گوایه جەژنێکی کوردی نیه، وبەدەوری گۆی زەوی دەسوڕانەوه بۆ دۆزینەوەی هەر ئەفسانەیەك تا نەورۆز له کورد داماڵێنێت، بەڕاستی ئەو هەڵوێست و رەفتاره نا شارستانیانەی کەسانێکی کورد له ژێر پەردەی دینداریەوه وئەکادیمیەوه دەرهەق به نەورۆز ویاده کوردیەکان دەیکەن، بەر له هەر شتێك گوزارش دەکات له نەزانینیان به نرخی مێژوو وکاریگەری داستانی مێژوو بەسەر کۆخەیاڵدان وکۆیادەوەری میللەتەکەیان .

له ڕووی مێژووییەوه قسەی زۆر جیاواز هەیه لەسەر ئەسڵی نەورۆز وهی کێیه وچۆن دروست بوه، زەحمەته هیچ کامێکیان ساغ بێتەوه، بەڵام کاتێك به هێزترین سەرچاوەی کۆن سەرەڕای نوسینی به دەستی فارسێکی دەمارگیری وەك فیردەوسی نکوڵی له کوردبوونی کاوه ناکات وبه ئاشکرا باسی ڕۆڵی سەرەکی کاوه وکورده ڕزگاربوەکانی چیا دەکات له ڕوخانی زوحاك، ئەوه بێگومان خۆ به کەم زانینه بڵێیت نەورۆز و کاوه چەند پەیوەندی به کورد هەیه هێندەش پەیوەندی به ئۆزبەك وپاشتون وتاجیك وبلوش هەیه! کورد ئەگەر کەسانێکی عاقڵی مێژوویان بنوسیبایەوه گومانم نەبوو سێ چارەگی درۆکانی شاهنامەی فیردەوسی هەڵدەوەشایەوه.

من نازانم ئەوانەی باسی کاوه دەکەن گوایه پەپێی شاهنامه هاتوه، کام نوسخەی شاهنامەیان خوێندۆتەوه!

شاهنامە نەورۆز ناگێرێتەوە بۆ شەری کاوە وفەرەیدون لە دژی زوحاك، کە سەرلەبەری ئەفسانەیە، شاهنامە لە ڕووی ڕاستیەوە ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت زۆر لە رەخنەگران پێیان وایە کە قۆناغی یەکەمی شاهنامە: سەردەمی ئەفسانەییە کەباسی گیومیرت وجەمشید وزوحاک وفەرەیدون وکاوە دەکات، کە ئەو قۆناغە هیچ نرخێکی مێژوویی نییە ورەنگی ئەفسانەیی زاڵە بەسەریدا. کەچی ئەو دژە نەورۆزانەی بەناوی ئیسلامەتیەوە هەمان هەڵەی ناسیونالیستە کوردەکان دوپات دەکەنەوە کاتێ چیرۆکی کاوە وزوحاکیان وەک هەقیقەت و ڕاستی بە خەڵک دەفرۆشت، وئەوانیش دێن داوەری خۆیان لەسەر ئەو هەڵەیە دەکەن و چیرۆکی کاوە وزوحاکیان هێندە بە جدی وەرگرتوە دەڵێی باسی کەسانێکی سەدەی بیست ویەکەم دەکەن، وکاوەی داماو دەکەنە خاین وخۆفرۆش، کە ئەمڕۆ هەزاران کورد ناوی کاوەیە!

وزوحاک دەکەنە دوا پاشای میدیەکان [ئەشتیاگ] نازانم بە چ پێودانگێك وچ سەرچاوەیەك کە تۆ نەتوانی هیچ مێژویەکی کۆن وسەردەمی ئەفسانە بە وردی دیاری بکەیت؟! پێم وایە مێژووی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆنتر لە مێژووی ڕوخانی دەوڵەتی مادەکان یان دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخمینیەکان، نەورۆز کۆنترین داستان یان ئەفسانەی ئارياييە، ئەفسانەش بەرهەمێکی گرنگی عەقڵی مرۆڤە بە گشتی.

ئەمساڵێش چەندین کەس هێرشی خۆیان کردە سەر نەورۆز وسەرەڕای بە خاین کردنی کاوەش! ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی عیرفان عەلی عبدالعزیز ، هەمان شەکری پار وپێراری کۆلکە سەلەفی وئەکادیمستەکانی شکاندەوە، بەوەش نەوەستاوە کە کاوە وەك دوژمنی کورد نیشان بدات، بەڵکو حەسەن زیرەکی خاوەن خۆشترین ودێرینترین یادگاری نەورۆزی گەورە وبچوک ئیدانە دەکات، لەبەرئەوەی دیرێك لەو گۆرانیە بەسەر شای ئێران گوتراوە!! ودەڵێت: " ئەوەی جێ سەرسوڕمانە ناسیۆنالیزی کوردیی و هەندێك گێلە موسوڵمان گۆرانیەکی حەسەن زیرەك دەکەنە شاهنامەی فیردەوسی!! و لەورۆژەدا چەندین جار

لێی دەدەن بێ ئاگا لەوەی کە دێڕێکی لێ سانسۆر کراوە کەئەویش ئەوەیە: بەفەرمانی شاهنشاه ئاریامیهر ئەمرۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە)کەوابێت بەفەرمانی حمە رەزا شاە گۆرانیەکەی وتووە!!"[1]

ناسیۆنالیزی کوردیی و هەندێك گێلە موسوڵمان گێلن کە گۆرانیەکی حەسەن زیرەك دەکەنە شاهنامەی فیردەوسی؟! من لەو مامۆستایە زیرەکە دەپرسم کە خەڵکی پێ گێلە: بۆ شاهنامەی فیردەوسی لای تۆ هێندە مەزن وجێگای متمانەیە وەك قورئان تا وا باسی بکەیت؟! باوەڕناکەم ئەو قسەیە لە ئێرانیترین ئێرانی دەربچێت، کە زۆر لە لێکۆڵەرانی گەورەی ئێران باسی ئەفسانەئامێزی شاهنامە دەکەن. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن دەربارەی حەسەن زیرەك دەڵێت: " "حەسەن زیرەک" بە دەنگە خۆشەکەی، هەرچەندە شیعرەکەی پیرەمێردی وەک خی نەگوتووتەوە، بەڵام بەهۆی ئاوازە نایاب و دەنگە زوڵاڵەکەی شیعرەکەی لە شیعری خوێندەوارانەوە کرد بە شیعری هەموو گوێگران و دواجار هەموو کورد."

ئینجا دەربارەی خیانەتی کاوەی ئاسنگەر کە بڕوای ئێوە وکەسانێک وئەمساڵ مام جەلالیشی هاتە سەر خەت، گوایە لە ووتارێکدا ساڵی ١٩٨٩_١٩٩٠ئەویش وتویەتی: " نەورۆز لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی راستە، "زوحاك" خۆی کورد بووە ، "کاوە" فارس بووە، جەژنی نەورۆز خۆی لە خۆیدا هی فارسەکانە، هەر بۆیەش پێی دەڵێن " فرس المجوس" واتا فارسی ئاگرپەرست، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەدان ساڵە کورد بەو شیوە بیری کردۆتەوە کە نەورۆز جەژنی کووردە بۆیە کار لە

---

[1]- قسەیەك لەسەرنەورۆزو سەری ساڵی کوردی و ئەفسانە

عیرفان عەلی عبدالعزیز

http://bzavpress.com/Detail.aspx?id=3082&LinkID=18

کار ترازاوەو تازە کورد حاڵی نابێ و ناچێتە گوێی...! " من باوەڕ ناکەم ئەوە قسەی مام جەلال بێت، کە چەند سایتێکی ناپرۆفێشناڵ لە فەیسبوك بڵاویان کردەوە، لەبەر لاوازی ئەو قسانە، ئەگەر شاهنامە وعمر خەیام وەك دوو فارسی بڵێن کاوە کورد بوو دەبێت مام جلال چی بۆ بمێنیتەوە بیلێت؟ ئینجا ئاگرپەرستی پەیوەندی چیە بە نەورۆز، فورسەکان وکوردیش ئاگریان بە پیرۆز دەزانی وئاتەشگەدەی گەورەیان هەبوو کە ساڵ دوازدەی مانگ داگیرسابوو، نەك بەس لە نەورۆز ئاگر بکەنەوە!!

مامۆستا عیرفانیش دەڵێت: "بۆیە لەناو خەلکەکە کەسێك پەیدا بوو بەناوی کاوەی ئاسنگەر توانی رابەرایەتی نارازاییەتی خەڵکی بکات وئیژدهاك بکوژێت .... بەلام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە بۆ ئێمەی کورد کە خۆمان بەبەشێك لە لەهجەی شمالی ئێران دەزانین و ماددەکان بەباوەگەورەی خۆمان دەزانین ئەوەیە کەئایا ئەم داستانە بۆ ئێمە نەتەوەییە یان ئەخلاقی !" لە وەڵامدا دەڵێت:

"بێگومان ئەم داستانە بۆ ئێمە ئەخلاقیە بەمانەی ئەوەی کە بەگژاچونەوەی زولم و زۆربوو چونکە هەردوو لا هەر یەك رەگەز بوون کەئەویش رەگەزی مادد بوو بەڵام ئایا بەکوشتنی ئیژدهاك کاوە توانی خۆی حوکمی ماد بکات, ئایا توانی ئیمپراتۆری ماد بپارێزێت؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر بەکوشتنی ئیژدهاك ماددەکان بۆهەتا هەتایە کۆتاییان پێهات وەحەخامەنشیەکان کەلەهجەی جنوبی ئێرانە ئەو هەلەیان قۆستەوە و لەژێر رکێفی ماددەکان دەرچوون."

ئەگەر کاوە خائین بێت ئەوە صلاح الدین یش خائینە

بە هەمان پاساو!

کەوابوو لای کاک عیرفان وئەوانەی ماوەیەکە باسی خیانەتی کاوە دەکەن بەبێ بیردکردنەوە وبە کۆپی کردنەوەی وتاری کەسانی تر، کاوەش وئەژدیهاک یش هەر کوردن، نەك کاوە فارس بێت وەك مام جەلال دەڵێت، بەڵام کێشەکە لە بەرژەوەندی دوژمنان کۆتایی هات، هەرچاکە ناڵێت کاوە بەکرێگیراوی ئەخمینیەکان بوو وبە فیتی ئەوان مادەکانی لەسەر حوکم لابدات؟!

ئەگەر وای دابنێین ئەو چیرۆکەی زوحاك دوا پاشای مادەکان ڕاستە و کاوەی ئاسنگەر بە شۆڕشەکەی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی ڕوخاندوە بەر لە چەندین سەدەی بەر لە میلاد!

بەڵام سەیر لەوەدایە کاتێك باسی صلاح الدینی ئەیوبی دەکرێت بە خراپی لەلایەن کوردە ئاسۆ تەسکە نەتەوەچیەکان، کە دەڵێن هیچی بۆ کورد نەکردوە ولە خزمەتی عەرەبدا بوە، هەموومان، بە موسڵمان وئیسلامیەوە دەڵێین: کورە بابە کەی ئەو کاتە سەردەمی ناسیۆنالستی بوو، کەی سەردەمی دەولەتی قەومی بوو، ئەوە کە صلاح الدین لە چاو کاوە وزوحاك دوێنێ بوو!

بەڵام لەبەرئەوەی کاوەی بەسەزمان موسڵمان نەبوو، ئەوە ئیسلامی وهەندێ سیکیولاری نەتەوەیی دێن وهەمان پێوەری دەوڵەتی ناسیونالستی و سەردەمی فیکری قەومی بەسەر کاوەیەك جێبەجی دەکەن کە جیرۆکەکەی نزیکترە لە ئەفسانە تا مێژویەکی ڕاستگۆی تۆمارکراو. ئەگەر تۆ ڕازی نابیت ئەو پێوەرە لەسەر صلاح الدین جێبەجێ بکەیت – کە لە ڕاستیدا جێبەجێش نابیت بە ڕای ئێمە – ئەی بۆچی هەمان پێوەر لەسەر چەندین هەزار ساڵ بەر لە صلاح الدین جیبەجێ دەکەیت؟! ئەگەر کاوە خائین بیت، بەپیی ئەو پێوەرە سەقەتە ئەوە بێگومان صلاح الدین

یش خائینه به هەمان پێوەر کە ئیعلانی دەوڵەتی کوردستانی گەورەی نەکرد وەك نەتەوەچیە حەوسەلە تەنگەکان وا دەڵێن!

ئینجا لە ڕوەکی تر من بۆنی جۆرێك لە بەرگری دەکەم لە دەسەڵاتی گەندەڵ لەو قسانە، چونکە ئەگەر کاوە سەرکۆنە بکرێت لەبەر راوەستانەوەی لە دژی زوحاك، کە گوایە پاشایەکی کوردی ناسیۆنالیست بوە [!!] ئەوە هەموو ڕۆلەیەکی ئەو نیشتیمانە کە لە دژی دەسەڵات دەوەستنەوە ناپاکن وەك کاوە، کە بوە هۆی ڕوخانی میدیەکان!

دەڵێن زانایەکی دینی دوو سەعات خەریکی ڕاڤەکردن و پینەپەڕۆکردنی فەرمودەیەکی پێغەمبەر بوو کە بە عەقڵ دا نەدەچوو، زانایەکی تر بە یەك ڕستە کۆتایی بەو مەهزەلەیە هێنا وگووتی: ئەو فەرمودەیە ڕاست نیە وهەڵبەستراوە پێویست ناکات ئەو هەموو شێر وڕیوی یە بهێنیتەوە بۆی!

ئێوە کەوا خۆتان هیلاك دەکەن بە مێژووی کاوە وئەژدیهاك دەبێت ئەو راستیانە بزانن:

١- جەژنی نەورۆز پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە و کۆنترین جەژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، رۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جەژن.

دکتور مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بە وردی چووەتە سەر بنج و بناوانی مێژووەوە و بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو جەژنە هەمان جەژنی (تەمووز و عەشتار) ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خوارووی وڵاتی عێراقی ئێستا داگەڕێن، ئەو جەژنەیان بەڕێوە بردووە. هەروەها دەڵێت: (ماجید عەبدوڵڵا ئەلشەمس) دەنووسێ:(رەنگە زۆربەمان ئەوە نەزانین کەسایەتی "کاوەی ئاسنگەر" لە فیکری کوردی، ئەوە شێوەیەکی

بەرچاوی کەسایەتی تەموزی عێراقی کۆنە) **نەورۆز کەی دروستبووە و هی چ میللەتێکە؟!**

٢- شاهنامە لە ڕووی ڕاستیەوە ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت زۆر لە رەخنەگران پێیان وایە کە قۆناغی یەکەمی شاهنامە: سەردەمی ئەفسانەییە کەباسی گیومیرت وجەمشید وزوحاک وفەرەیدون وکاوە دەکات، کە ئەو قۆناغە هیچ نرخێکی مێژوویی نییە ورەنگی ئەفسانەیی زاڵە بەسەریدا، شاهنامە نەورۆز ناگێرێتەوە بۆ شەری کاوە وفەرەیدون لە دژی زوحاك، کە سەرلەبەری ئەفسانەیە، بەڵکو بەو جۆرە باسی دەکات: ئینجا جەمشید هات سەر تەختی فەرمانڕەوایی لە پاش باوکی تەهمورت کە ئەویش وەك ئەو سەرکەوتو بوو بەسەر دێو ودرەنجەکانیش وتوانی لەسەر قەروێڵە ڕازاوەکەی بفڕێت بەسەر هەموو مەملەکەتەکانی بە هۆی نۆکەکانیەوە**!!**

جنۆکەکان لەو رۆژە هەڵیان گرت کاتێ خۆر کەوتە قوللەی حەملەوە، وزۆر دلخۆش بوو ومەی دەبەخشرایەوە وئەو رۆژە ناونرا بە رۆژی نەورۆز کە بوە عورفێکی پیرۆز لای فارسەکان. "[2]

لێکۆڵەری ئێرانی موجتەبا ئەلمینوی دەربارەی کەسایەتیەکانی شاهنامە دەڵێت:

کەسانێك لە پاشینەکان ویستیان ئەو ڕوداوە مێژوویانەی لە شاهنامەدا هاتوە جێبەجێیان بکات لەسەر ڕوداوە هەقیقیەکانی پەیوەست بە سەردەمی هەخامنیشینەکان، بۆیە ناوی پاشاکانی شاهنامە یان وەك پاشاکانی هەخامنشینەکان حسێب کردا! .... ئایە ئەو کەسایەتیانە خوداوەندن یان نیمچەخوداوەندن؟ بەڵام کاتێك جێرۆکەکانی بەراورد دەکەین لەگەڵ میتۆلەژیای ئەفسانەکانی هیندی، تێدەگەین کە کەسایەتی جمشید وکەیخوسرەو وفرەیدون وکاوس بریتین لە خوداوەند یان

[2]- ل ١٠. [الشاهنامە: ملحمە الفرس الکبرى، لابي القاسم الفردوسي، دار العلم للملايين- بيروت الطبعە الثانيە ١٩٧٩]

نیمچەخوداوەند کە لە شێوەی مرۆڤ بەرجەستەکراون لە شاهنامە."[3]
کەوابوو ئەوە بە زۆرلەخۆکردن دەیانەوێت پاشاکانی شاهنامە ئیسقات کەن بەسەر مێژووی واقیعی، وئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە هیچ ئەرزشێکی واقیعی نیە!

٣- زوحاك هەندێك جا وەك پاشایەکی ئاشوری یان بابلی نیوی هاتوە، لە شاهنامەش وەك پاشایەکی عەرەب ناوی هاتوە، وکە پاشاکانی فارسەکان داوای یارمەتی ئەویان کردوە لەدژی شای شاکانی فارسەکان!

لەوەدایە کورد لەبەر دواکەوتوویی ولاوازی گیانی نەتەوەیی بایەخی بە نوسین وتۆمارکردن نەداوە، هەتا یەکەم سەرچاوەی مێژویشی [شەرٍەفنامە] بە فارسی نوسراوە کاتێك کە شاعیرێکی میللی ئێرانی [فیردەوسی] داستانی شاهنامە دەنوسێت کە لە جەوێکی ئەفسانەیی دا نوسراوە ووەک هەر داستانێکی تری وەک ئەلیادە وگەلگامێش وهیتر، تێیدا بە کەیفی خۆی کەسەکان ورِوداوەکان ئاڵ وگۆرِ دەکات هەتا زوحاکیش بەعەرەب لەقەڵەم دەدات وبەشێوەیەکی ئەفسانەئامێزانەش ئاماژە بە بوونی کورد دەکات.

گوایە کورد لەو منداڵە رزگاربوانەی لە سەربرِینی زوحاک دروست بوە [کنون کرد از ێن تخمە دارد نژاد کز ێباد نايد بدل برش ياد] [جا کوردەکان لە تۆرەمەی ئەو لاوانەن کە نەیاندەزانی ئاوادانی چیە] 4 دەیەوێت بڵێت کە کورد لە فارسەوە وەپاش کەوتوە پاش هەڵاتنیان بۆ

---

3 - -فردوسي و مقام أو، ص 541.

http://www.marefa.org/index.php/%D8%B4%D8%A7%D9%87_%D9%86%D8%A7%D9%85%D9%87

4 **- ل٧١ هاونەتەوەیی کورد وماد، حەبیبوڵڵای تابانی، وەرگێرانی جەلیل گادانی.**

کێوەکان! لە بنەڕەتدا فارسن ولەدەست زوڵمی پاشای عەرەب ڕایان کردوە، بە عەرەب کردنیشی دوژمنانی شا فارسەکان دەلالەتی خۆی هەیە ودەگەڕێتەوە بۆ ڕوخانی شانشینی شایەکانی شاهنامەی فیردەوسی لەسەر دەستی عەرەبە موسڵمانەکان، شاهنامەی فیردەوسی جارێکی تریش ئاماژەی نێگەتیف بە عەرەب دەکات لە ل ٥٠ی چاپی عەرەبی دەڵێت :

" دوایی عەرەبێک بەناوی دەربیس لە دژی کیکاوس هەڵگەڕایەوە لەدەوربەری شام، دوایی کیکاوس بەدەستی بەربەرەکان بە فێڵ دەگیرێت ومەملەکەت بێ شا دەمێنێتەوە ...دوایی ئەفراسیاب دەستی بەسەر دادەگرێت پاش شەرێک لەگەڵ [عەرەب]...باشە ئەگەر باوەڕ بە خیانەتی کاوە دەکەن لەسەر پشت بەستن بە شاهنامە، ئەو ئەوەتە شاهنامە دەڵێت زوحاك عەرەب بوە!

عومەر خەیام لە نەورۆزنامەکەیدا دەڵێت کاوە کورد بوو، وفەرەیدونیش هەر کورد بوو کە لە پاش ڕوخانی زوحاك هاتە سەر دەسەڵات، وەک نوسەری کتێبی هاونەتەوەیی کورد وماد، حەبیبوڵڵای تابانی دەڵێت: عومەر خەیامی نیشابوریش لە کتێبی نەورۆزنامەی خۆیدا دەڵێت؛ " فەرەیدوونی کورد فەرمانی بە ئێرانیان دا تا ئەو ڕۆژەی زوحاک بەدیل گیرا، ئێران لەشەڕ وکێشەی ئەو ڕزگار بوو بکەن بەڕۆژی جەژن." ل ٧١.

کەوابوو ڕای جوراوجۆر زۆرە لەسەر زوحاك کە دەڵێن فارس بوە وبابلی بوە وعەرەب بوە، تەنها کورد هەر لە خۆیەوە کردویەتی بە ورد لەبەر هیچ نا تەنها لەبەر لێك چوونی ناوی ئەژدیهاک وزوحاك بە ناوی دوا پاشای میدیەکان ئەشتیاگ! هەتا با بڵێین کە فیردەوسیش لە شاهنامەدا وادەڵێت، ئایە هێندە ساویلکەبین هەموو قسەکانیمان لێی وەرگرین کە بە هەوەسی خۆی یاری بە ناوەکان وبە ڕوداوەکان دەکات؟!

زوحاکێك بەپێی شاهنامە تەمەنی ١٠٠٠ هەزار ساڵ بێت ومار لە شانەکانی بڕوێت پاش ماچکردنی ئەهریمەن دەبێت پەیوەندی بە ئەشتیاگەوە چی بێت؟ لەدوای ئەودا فرەیدوون بێتو ٥٠٠ ساڵ حوکم بکات دەبێت چ پەیوەندی بە ڕاستی ومێژووەوە هەبێت، تا هێندە بە جیدی وەریگریت، وکاوەی فەقیر کە تێکرای کورد وەك رەمزێکی ئەفسانەیی نەتەوەیی لیی دەڕوانیت، بکەیت بە خائین، وزوحاکێک کە هێمای جەور وستەمە بەزۆری وبە پێچەوانەی فیردەوسی وشاهنامەشەوە بکرێتە کورد؟!

ئینجا ئەوەندە بەسە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو قسە بێ بنەمایانەی کە زوحاك دەکەنە ئەشتیاگ ولەبەرکردنی بەرگی واقیعی میژوویی لەبەر ئەو ەفسانەیە ئەوەیە، ئەو دوو ناوە هیچ پەیوەندیەکیان بە یەك نیە، چونکە ناوی زوحاك لە بنەڕەتدا بەر لە هەزاران ساڵ لە ئاوێستا وئەفسانە ئاریە کۆنەکان وەرگیراوە، کە لە ئاڤیستا دەڵێت ئەژیدهاك ئەهریمەنیکە ليناگەڕێت ئاوی هەورەکان دابەزێتە سەر زەوی وخۆی خاوەنی ڕوحێکی نەگریسە، یان ئەژدیهایەکی سێ سەرە، و هەر لە ئاڤێستاس بە [تازی] واتە عەرەب لە قەڵەم دراوە.[5]

کەوابوو فیردەوسی ڕێك لە ئاڤیستا وە ئەو کەسایەتیەی دۆزیوەتەوە کە وەك شەیتانی قورئانە، نەك ویستبێتی ناوی دوا شای کورد [ئەشتیاگ] بشێوێنێت، کورد هەر لەخۆڕا خۆی تێکداوە! کابرا فارسیە ولە بەرژەوەندی مێژووی خۆیدا نوسیویەتی، نازانم بۆ کەسانێك لە فارسە نەتەوەییەکان لە فیردەوسی ڕاست نەبونەتەوە وبڵێن: لەوەتی عەرەب هەیە هەر ژێردەستەی فارس بوونە، خێرە ئەو خیانەتە لە مێژووی فارس دەکەیت، یان دوای ڕوخانی ساسانیەکان بە دەستی موسلمانەکان ماستاو بۆ عەرەب دەکەیت؟! چونکە فیردەوسی دەڵێت گوایە پاشاکانی ئیران

---

[5] - http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B6%D8%AD%D8%A7%D9%83

داوای یارمەتیان کردوە لە زوحاکی عەرەب بۆ ڕوخاندنی شای شاکانی ئیران؟ ودواییش ئەو عەرەبە ستەمکارە پێ پەتیە دەبێتە شای عەرەب وفارس؟!!

گومانم نیە ئەگەر فیردەوسی کوردبا ئێستا ئەویش لەدەستی ئەو ڕەخنە ساردوسڕە نا بابەتیانەی کوردە سەلەفی وئەکادیمی ونەتەوەچیەکانیش ڕزگاری نەدەبوو.

کەوابوو بەسە ئیتر ئەو خۆ وخەڵك هیلاک کردنە، کەس داواتان لێناکات وەك فارسەکان شاهنامە تەقدیش کەن ونەورۆز پیرۆز کەن، وئەمساڵ یادی هەزار ساڵەی نوسینی شاهنامەیان کردوە لەناو بارەگای یۆنیسکۆ، ووێنەکێشێکی ئیرانیش پێنج سەد وێنەی ڕوداوەکانی شاهنامەی کێشاوە وبە وەرگێرانەی ئینگلیزیەوە چاپیان کردوە!

نەخێر بەس هێندە خەڵکی کورد لەوەش کۆڵەوارتر مەکەن بە هێرش کردنە سەر نەورۆز وکاوەی ئاسنگەر، تێبگەن هەموو گەلانی جیهان ئەفسانەی نیشتیمانی وا سەیر ونامۆیان هەیە منداڵیش دەزانێت ڕاست نین، بەڵام کاریگەری خۆی هەیە بەسەر ڕوحی نەتەوایەتی وپەروەردەکردنی منداڵ وهەستکردن بە ئینتیمابوون وخۆشەویستی میللەت وولاتدا، پار وپێرار شەڕی نەورۆزمان کرد، ئەوە ئەمساڵیش شەڕی کاوە وزوحاکمان پێدەکەن، ئەوەش هەقیقەتی کاوە وزوحاك بوو کە باسمان کردن، دوو کەسایەتی نزیکتر بۆ خەیاڵ وئەفسانەن تا راستی، بەڵام ئەفسانەیەکی پێویستە بۆ کورد بەپیی گێڕانەوەی کوردی کە دەماو دەم بۆمان هاتوە نەك گێڕانەوەی شاهنامە.

لەندەن

٢٠١٤/٣/٢٦

چاوەڕوانی ئەو کتێبانەی نووسەر بن:

- باوکانی سەلەفیەت دەروازەیەك بۆ سەلەفیناسی

- ئیبن تەیمیە دامەزرێنەری سەلەفیەتی عروبەت

- کورد و ئیسلامی سیاسی و دیموکراسیەت

- مۆتەکەی تورکی

کۆی ئەو وتارانەیە کە لەسەر دۆزی کورد لە تورکیا نووسراوە لە نێوان ٢٠٠٥ ـ ٢٠١٦

بەرهەمەکانی نووسەر:

1- داعش کێیە و مەشروعیەتی لە کام سەرچاوە وەردەگرێت.

2- ئەدیب و گزیری پۆلیس کێشەی ئەدەب وسیاسەت لە وڵاتە سۆشیالیستەکان ... وەرگێران.

3- خوێندنەوەیەك لە کتێبی ئەو (حەسەن بەنا) یەی کە کەس نایناسێت.

4-ئافرەت لە نێوان سەرەڕۆیی فێمینیزم و توندڕەوی ئاینیدا.

5- کوردستان لە پەنجەرەی غوربەتەوە



Nawroz and Salafist extremism

written by:
Mohamad Hariri

Second electronic edition: 2016